چی لەهەگبەکەی دۆنالد ترەمپ دایە ؟ … جەزا ئەحمەد فارس

بە پێچەوانەی پێشبینی زۆر بەی ئەو توژەرو مامۆستایانی زانکۆ وە لە هەرێمی کوردستان کە پێیان وابوو هیلاری کلنتۆن دەواتە کۆشکی سپی ،دۆناڵد ترەمپ هەنگاوەکانی بەرەو کۆشکی سپی نا.

دیموکراسیەتی ئەمریکی

ئەمریکا سەلماندی نەك تەنها ووڵاتێکی دیموکراسی خوازە بێ ناوخێی ووڵاتەکەی خێی بگرە یەکێکە لەو ووڵاتانەشی کە نمونەیەکی جوانی پێشکەش کردووە لە قبوڵکردنی جیاوازیەکان کە یەکێکە لە بنەما بنەڕەتیەکانی دیموکراسییە .

دۆناڵد ترەمپ ئەوەی ئاگەیاند کە ئێستا کاتی کارکردنە ئەمە دەرخەری ئەوە یە کە ئەو هەرچەند لە کەمپینی هەڵبژاردنەکەی لەگەڵ دیموکراتەکان کە هیلاری کلنتۆن سەرکایتی ئەکرد زۆر جار لێمەکردن و تێمەتبار کردنی یەکتر بووە بەڵام ئەوە کاتای هات و دەست لەناو دەست ئە بن بێ ئەوەی ئەمریکایەکی بەهەڵز دروست بکەن .

ترەمپ ئاماژەشی بەوەشدا کە کار بێ یەکگرتووی ناوخێی ئەمریکا دەکات لە نێوان دیموکرات و کۆماری و سەربەخۆکان بەم پەیامەی ئەوەی پشت راستکردەوە کە ئەو سەرکۆکە بێ هەموو ئەمریکیەکانە نەك تەنها بێ کۆماریەکان ئەمەش جەوهەری راستە قینەی دیموکراسی ئەمریکیەکانە کە سەرکەکانیان بەیەك چاو سەیری پێك هاتە جیاوازەکان دەکەن بە پێچەوانەی سەرکردە سیاسسیەکانی ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە بەتەنها نمایندەی پارتەکەی خێیان یان ئەوانە دەکەن کە هەڵیانبژاردوون .

دۆناڵد ترەمپ بە شانازیەوە سوپاسی هیلاری کرد بێ ئەو خزمەتەی کە بە ئەمریکیەکانی کردووە ئەمە پێمان دەڵێت سەرکردە سیاسیەکانی ئەمریکا هەرچەند ناکۆکی و جیاوازی ئایدیا لە نێوانیاندا هەبێت بەڵام ئامادەن کە دان بەوە دا بنێن کە بەرامبەرەکەیان کاری باشی کردووە.

لەپاڵ ئەو هەموو جوانیانەی دیموکراسی ئەمریکی لەناوخۆدا ، ئەکرێت ئەمریکا بە پێچەوانەی ئەوە وە لە دەروەی ووڵاتەکەی کار بکات بێ بە دیهێنانی ئامانجە ستراتیجیەکانی.

سیاسەتی ئابوری دۆناڵد ترەمپ

ئەمریکیەکان لە چەندین قەیرانی ئابوریدا ئەژین، بێ ئەوەی لەو قەیرانانە رزگاریان بێت پێویستیان بە سەرکێکە کە شارەزای لە سیاسەتی ئابوری و بازرگانی هەبێت نەك سیاسەتی دەرەوە، بۆیە دەنگیان بە تەرەمپ دا لە بری هیلاری .
لە سیاسەتی ئابووریدا تەرەمپ کە بانگەشە بێ گۆڕانکاری ریشەی ئەکات لە ئابوری ئەمریکا لە پێناو ئەوەیە کە ئەمریکا بکاتەوە بە مەزنترین وولاتی ئابوری جیهانی .
بێ باشکردنی باری ئابوری ناوخۆی ئەمریکا تەرەمپ ئاماژەی بەوە کرد کەکار لە پێناو رەخساندنی زۆرتین هەلی کار دەکات، بەمەش بازاری ئەمریکی زیاتر چالاك ئەبێت لەناوخۆدا، لە یەك کاتدا هاوڕاتیانی ئەمریکی ئەتوانن سود مەند بن و هەروەها ئەمریکاش زیاتر هەنگاو بەرەو دروستکردنی ئابوورییەکی یەهێز بنێت.
سیاسەتی ئابوری تەرەمپ ئایندەی ئەمریکا دیاری دەکات یان ئەوە یە کە ئەمریکا بەرەو لوتکە ئەباتەوەو لەڕووی ئابوورییەوە و ئەیچەسپێنێت یان ئەمریکا توشی شکستی ناوخۆی ئەکات و پێگەی لاواز دەبێت .
ئەمریکیەکان وا سەیری ئەم بابەتە ئەکەن لە هەردوو حاڵەتەکەدا قازانجیان بێت لە بەر ئەوەی لە حاڵەتی یەکەم حکومی جیهان دەکەن بە هۆی بوونی ئابوریەکی بەهێزەوە.
لە حاڵەتی دووەمیش کە شکستە زۆرك پێیان وا یە کە ئەمریکا ئەبێت شکست بیەنێت بێ ئەوەی جارکی تر خۆی بونیاد بنێتەوە و بە هێزکی گەورە تەرەوە لەکایەی جیهانی دەربکەوێت .
مێژووش زۆر نمونەی پێداوین لە سەر شکستی هەندك ووڵات کە دواتر توانیویانە لەماوەیەکی کەمدا خۆیان رکبخەنەوە و ببن بە بەهێزترین ووڵاتی جیهانن دیارترین ووڵات ئەمانیای دوای شەڕی جیهانی دووهەمە کە کەوتنکی گەورەی لە سەر جەم بوارەکان بەخۆوە بینی بەڵام کاتك کە هەستایەوە توانی کە ببێتە سوپەرنەری ئابوری و سیاسی ئەوروپا ولەسەر ئاستی جیهانیش رۆڵی کاریگەر ببینێت.
یەکك لەوکارانەی کە تەرەمپ کە گرنگی پێدەدات لایەنی ئابوری وویلایەتە یەکگرتووەکانە ، پلانی ئەوەی هەیە کە لەڕووی ئابوورییەوە ئەمریکا بەهێز بکات،دور نیە یەکك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەوەی کە دەنگدەری ئەمریکی ئەویان لە هیلاری پێپەسەند تربوو ئەوە بێت کە بیانەوێت لەو کێشە ئابوریانە رزگاریان بێت کە لەناوخۆی ئەمریکا هەیە ، چونکە تەرەمپ ئەوەندەی بازرگانکی لێهاتووە پیاوکی سیاسی نیە.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی دۆناڵد تەرەمپدا

ستراتیجیەتی ئەمریکا بۆ دەرەوە گۆرانی بەسەردا نایات ئەوەی کە دەگوت بریتیە لەئامۆژەکانی بە دیهێنانی ستراتیجیەتی ئەمریکی ئەکرێت کە دیموکراتەکان ئەوکاتانەی کەلەسەر فەرمانڕەوای بوون سیاسەتی نەرمیان گرتبێتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەمریکا بەڵام کۆماریەکان بە پێچەوانەوە.
کۆماریەکان بڕوایان بە وە هەیە بۆ بەدیهێنانی ستراتیجیەتی ئەمریکا ئاسایی ئەگەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ سنوری ووڵاتانی تر ببەزێنرێت بۆیە ئاسایی جارێکی تر تەرمپ ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی سنوری زیاتر بکات.
ئەوەی کە گرنگە لە سیاسەتی تەرمپ بریتیە لەوەی کە ئەو بەڵاستی مەبەستێتی داعش لە موسڵ و ڕەقە تێك بشکێنێت بۆ یە ئەگەری زۆرە کە ئەم دوو ئێپەراسیۆنە خێراتر بکرێن.
هەموان چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە لە سەردەستی دۆناڵد تەرمپ ژمارەیەك شەڕ هەبگیرسێت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەڵام دور نیە ئەم چاوەڕوانیە هەڵەبێت وەك ئەوەی کە هەمووان پێش بینی هیلاری کلنتۆنیان دەکرد بڕواتە کۆشکی سپی .
دروست بوونی شەڕ ئەگەرێکی کراوەیە لەسەردەمی تەرمپ چونکە زۆربەی ئەو شەڕانەی کە ئەمریکا بە شێوەی راستەوخۆ بەشداری تیادا کردووە لە سەردەمی کۆماریەکان بووە.
ئەوەی گرنگە بۆ کورد ئەوەیە کە ئەمە ئەتوانین سود مەند بین لە سەردەمی تەرمپ چونکە ئەو دیدگایەکی پۆزەتیفی هەیە بۆ پرسی کورد بەڵام خاڵکی گرنگ کەوتۆتەوە سەر سەرکردایەتی کورد کە چۆن مامەڵە دەکات لەگەڵیدا.
ئەمە ئەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ستراتیجیەتی ئەمریکا گۆڕانی بەسەردا نایەت لە سەردەمی تەرمپ بەڵام ئامۆژەکانی سیاسەتی دەرەوە ئەگۆڕێت.

گفتوگۆ لەگەڵ ئنوری ەشی عەوڵا ... ئا/ شاخەوان سدیق

ئەنوەری ەشی عەوڵا
"بەداخەوە تۆامانی ئەمە هێندەی لەسەر پێگە و کەسایەتی نووسەرە،

ئەوەندە دڵمان نەسپاردووە بە بواری جواناسیانەی ئەدەبی"

ئا/ شاخەوان سدیق

(ئەنوەر هەشید عەبدوڵا) یەکێکە لە شاعیرو نوسەرو ناوە دیارەکانی ناو دنیای ئەدەبی کوردی و لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا جگە لە بڵاوکردنەوەی چەند کتێبکی شیعری خۆی ماندکیشی بەناوی (پەرتگا) بڵاوکردەتەوە، بۆ قسەکردن دەربارەی تواناییان بۆ ئەدەب و کارەکانی ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.

شاخەوان سدیق/ شیعر یەکێکە لە گرنگترین و کۆنترین ئەو ژانرە ئەدەبیانەی کە بەدرێژای مێژوو لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە، (کازانزاکی)ش دەڵێت(شیعر ئەو خۆیە کە ناهێڵێت جیهان بێ گەن بکات) بەبۆای ئێوە ئەم گرنگیەی شیعر لە چییەوە هاتوە؟ بۆ تۆ دەتەوێت شیعر بنوسیت و بۆ تۆ شیعر چییە؟

ئەنوەری هەشی عەوڵا / لەوەتەی یادوەریی هەیە، شیعر.. عیشق.. خودا؛ ئەو سێ ڕگایەن ناچنەوە سەر هیچ! بەشکن لە سکچکەی پیرەژن. چەند بیانهێنیت و بیانبەیت بە زانینەکانی ئەقڵ و ئەقلانییەتدا، کەچی ڕەگیان دەچێتەوە سەر نەزانین. مەحاڵن و چارەی مەحاڵیشمان بۆ دەکەن. گەرچی هیچیان لە دەست نایەت، هیچ بۆشاییەك پڕناکەنەوە، کەچی ناتوانین فڕێشیان بدەین. بۆ فڕێداراون.. بۆنەوایان.. بۆناسنامەکان، بۆمنەت مەلهەمکی روحین. ڕۆشنایین بۆ دەهالیزە ئەنگوستەچاوەکانی نێو دەروون و تەنیاییەکانمان. گشت ئەو شتانەمان بۆ دەدوێنێنەوە، کە بۆ دواندن نەدەبوون. گشت ئەو شتانەمان بۆ دەبینێنەوە، کە نابینرێن. گشت ئەو شتانەمان پێدەبیستێ، کە نابیسترێ.. یانی لە یەککاتدا دەتوانێ هیچ و هەموو شتکیش بێ! لە لوغزەکان دەدوێ و خۆیشی بە لوغز دەمێنێتەوە. توخنی نهێنییەکان دەکەوێ و خۆیشی بە نهێنی دەمێنیتەوە. ناڕۆشنە و ڕۆشنت دەکاتەوە. چون موعەممایە لە ناو موعەممادا. شیعر هەروابووە و هەرواش دەمێنێتەوە!

شاخەوان سدیق / ئەگەر لەم تواینەی بەرزتانەوە بۆ شیعر سەیری کەسایەتی شاعیر بکەین دەتوانین چۆن لە شاعیر، یان کەسی شیعر نووس تێبگەین(ماغوت) لە دیدارکدا دەڵێت"شاعیرە ئاستەقینەکان شاعیری ژیانن، ئەو شاعیرانەن مەرگی باڵندەیەك و لێ بوونی جگەیەك، هێندەی مەرگی مرۆڤك نیگەرانیان دەکات" ئەم تواینە تا چەند لە ئاستیەوە نزیکە لە کاتکدا زۆرك لە شاعیران تەنها لەکاتی نوسینی شیعردا شاعیرن.

ئەنوەری ەشی عەوا / لەم نەخشە و هەە بەیانییەدا؛ بە ستوونی و شاقوی دابەش کراوە، بۆ نووسەری راستەقینە و نووسەری ساختە و موزەیەف. دەکرێ ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین، گەر تێکست نەبێ، خوێنەر و نووسەر چ نرخ و مانایەکیان دەبێ..؟ گەرچی هەتا ئێستاشی لەسەر بێت، لای ئێمە تێکست نەناسراوە، چون بە مانای وشە، پوخت لەدایك نەبووە. تەە امانی ئێمە هێندەی لەسەر پێگە و کەسایەتی نووسەرە، ئەوەندە دڵمان نەسپاردووە، بە بواری جواناسیانەی ئەدەبی. گەرچی دنیای نووسینیش بە جیاوازی لێکدانەوەکانەوە، نیشانیداوین، تێکست و نووسەر و خوێنەر سێنەی پیرۆزن. بۆ یەکتریی نابن و خۆ ناگرن و نوقسانن!

داخوا وابەستەیی سلقادەر دالی بە فرانکەوە، عەزرا پاوەند بە فاشییەکانەوە، هایدیگەر و نازییەکان، سەر بە کولتووریی ئێمە بونایە، لە کۆی ئەم هاوکێشەیەدا دامانبنابان و جێمان بکردنایەتەوە..؟ مەگەر هاوبۆا بە بەهانەی هەوەستەوە، بە گومانییەوە سەنگەسارمان بکردنایە و دامانبشرینایە و لە بەهای هونەریی و فیکرییان کەم بکردنایەتەوە و بە خزلزانییەکەوە بمانگوتبا: چیتر تابلۆ و گوتارەکانیان بە پولێکی قەپ ناکەین! رۆنکەرانە چاوەوانی خودایەتیمان لە نووسەر و ئەهلی هونەر هەیە، لە کاتێکدا ئەویش بە گشت و ئاسقانەوە مرۆڤە و، مرۆڤیش مەحکومە بە وەستگە و قۆناغە جوداکانی گەشەکردنی جەستەیی و مانەوی، مەحکومە بە هەرمانەکانی. مرۆڤ پێچیدەترینی نێو بوونەوەرەکان بێ، چۆن بتوانین کورتی بکەینەوە بۆ یەك رەهەند، یەك بەها و یەك هەقیقەت..!؟ یاخود.. نا، مرۆڤ و بەهاکانی، پێین بکەین بەسەر باش.. و باشتر.. و باشتریندا..؟ ئەمە و گەلێك رێگەی ترتاقیکراونەتەوە، هەموو شتێکیان پێنەوتین و رستێك گرێی ترمان رووبەروو بوەوە. مەسەلەن نووسەر هەیە، کە تێکستی دەخوێنینەوە بە سیحر و جادوی خێشەویستی سەرسامت دەکات و لە ناوەندی رۆشنبیریشدا لە باشترینەکانە. کەچی لە پەیوەندیی کۆمەایەتی و کەی یاراندا، بەح دیارە و خاییە لە خێشەویستی..؟ ئیتر بۆیین ئەم کەسایەتییە درۆزن و مونافیقە و نووسینەکانیشی ناخوێنینەوە، کە ئەم حوکمە ئاسان و حازر بە دەستەیان لە کە و کۆمەی ئێمەی داخراودا لە باوترینەکانێتی بۆ هەسەنگاندنی یەکتریی. گەر ئەمانە نا، ئەی چی..؟ ئەم راستییە سادەیە، پێمان دەتەوە دەبێ لە شوێنی تردا بوانینە ئەو پەیوەندییەی نێوان نووسەر و تێکست. چون هەیە لە هونەری نووسین و خەیاڵکردنەوەدا کەسێکی بە دەربەستە و حیسابی ورد و درشتی خۆ دەربڕینەکانی بە هەموو ئەو پوودانگانە دەپوێ کە لە پرسەی نووسیندا تووشی دێت. کەچی لە هونەری هاوەیەتی و

دەستایەتییدا، بەخەیاڵ و بەدەربەست و خەمسارد و بگرە خۆپەرستیشە. ئەم گرفتەش ناچارمان دەکات، درشتە خودی مرۆڤ وەك کۆیەك وەربگرین، کە دەرەنجامی کارلێکی وردە خودەکانێتی: خودی کۆمەڵایەتی، خودی روحی، خودی ئیستاتیکی، خودی سیاسی، خودی فەلسەفی.. تاد دەشێ ئەم وردە خودانەی من ناوم بردن، پێپلیکانەی ژێر پێی یەکتریی بن، ئەو درشتە خودەی چاومان لێیەوەیەتی پێی بگەین. هەیە خودە ئیستاتیکییەکەی لە بەرزترین پلەدایە، کەچی خودە کۆمەڵایەتییەکەی لە پێپلیکانەی خوارتردایە. هەیە خودە کۆمەڵایەتییەکەی لە بڵندترینداییە، کەچی خودە ئەدەبییەکەی نەویترینێتی! روانین و چاوەڕوانی ئێمە لەم خودانە، زادەی تێگەیشتن و نرخاندنەکانمانە. گەر بە هەرەمیانە و پەیژەییانە چاو لێبکەین، بە دەرئەنجامێکی جیاواز دەگەین.
ئەگەر.. نا، ئەویتر هاوسەنگیەکەی، دەگەڵتەوە بۆ ئەوەی لە هەموو شتێکدا بازنەیی و هێشوویەو گشت وردەخودەکانی ناوخۆی، هەموویان هارمۆنییکیەتیان لە نێواندایە. ئەزموونەکان پێماندەڵێن: گەر ئەمە نایابتریینیان بۆ، بۆ چاوەڕوانییەك کە نووسەر لامان دروست دەکات یاخود بۆی دروست دەکەین، ئەم جنسە لە کەمینەکان بوون و دەبن. بیرمان نەچێت جوانیش هەمیشە کەم بووە لە هیچ دەورانێکی مێژووی بەشەرییەتدا، زۆر نەبووە. جا گەڵان و عەوداڵ بوون و بە مەراقگرتنی ئەوەش: داخوا نووسەر ئەوەی دەیڵێ، هەر ئەوەیە دەیکات..؟ دەکرێ پێدرێژی و زماندرێژی و پێ خستنە ناو ژیانی تایبەتی نوسەرەوە هەبێت، کە رەگی بە فزولیەتی ئێمەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندیی بە مەرجەکانی نووسین خۆیەوە نییە! لە ناوەندی ئێمەدا نەخۆشییەکە بە جۆرێك دایزاندوین و ترسناکە، جار هەیە حەز لە ستایڵی نووسینی کەسێك ناکەیت، یاخود ئارەیی پیدەبەیت. بەمەوە ناوەستێ و دڵی ئاو ناخواتەوە. نەك لە رووی کۆمەڵایەتییەوە خۆشی پێنایەت، دەیبوغزێنێ، بەرهەمەکانی بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە بە کەم دەگرێت، بە کوردییەکەی بەدویژدانییانە خراپەکارییەوە لێیدەخوێنێ. ئالێرەدایە، ئەوەی هەقیقەتەکان پێێن دەکات، چۆژی ئەدەبی و سەروسەودای جوانییەکانیان نیین، بەکو پێشداوەری رق و بوغزو گرێ دەروونییەکانن. بۆیە لەو زەمینەدا، ئاسایی دەبێ ناو و ناتارەی سەیر سەیر دابتاشرێ و پێوەبلکێنرێت. گشت ئەم وردە پرسیار و وردە وەڵامانە نەمانبەنە بەر درشتە وەڵامێك کە بۆوا بە هەموومان بهێنیت. کەوابێ مەرج نییە، نووسەرەکان کە وەسوەسە و خەونی ئیلاهییانەیان هەیە، دەبێ خۆشیان خوداوەندێك بن..؟ مەرج نییە، چون ئەدەب خۆی پێە لەو پارادۆکسیانەی دەبنە بیناسازی تێکستەکە. بۆ دەبێ ئەم پارادۆکسەش نووسەرەکە نەگرێتەوە..؟ لە کاتێکدا نوسەر

لەگەڵ هەبونایەتیدا لە ناکۆکیدایە، بۆ دەبێ لەگەڵ خۆیشیدا ناکۆك نەبێ..؟! ئایا مرۆڤ بەو هەموو لێکدژییانەی خۆیەوە، چۆن ڕۆدەکات و چۆن بیر دەکاتەوە و لە ڕێی خود نووسینەوەی خۆیەوە، چ ڕەهەندێکی ترمان لە خودە ئیستاتیکییەکەی پێدەبەخشێت..؟ بۆ من لە سەروو هەموو چاوەڕوانیەکانەوەیە. نووسین و بەخششە ئەندێشەییەکانی بۆ من و خۆی بۆ خۆی. ئیتر ئافەریدەکردنی دوژمنێکی وەهمی، دوورخستنەوەمانە لە دنیای نووسین بە گشتی و ئەدەبی بە تایبەتی!

شاخەوان سدیق/ زۆر جار دەوترێت پرسەی نوسین بەسەرهاتی تەواو نەبووی هەریەکێك لە ئێمەیە، یان کاتێك مرۆڤ دەستی بە هێنانەدی خەونەکانی ناگات پەنا بۆ نوسین دەبات وەك ئەوەی بەختیار عەلییش لە دیدارێکدا دەڵێت" مرۆڤ کاتێك لە هەموو شتەکاندا فاشیل دەبێت ڕووەکاتە نوسین و دەبێت بە نوسەر" بەڵاستی نوسەر بوون دواکارتی فشاری مرۆڤە بۆ بەردەوام بوون لە ژیان، یان نوسین بۆ دەستڕاگەیشتنی مرۆڤە بە ئاشنابوون بە دیوێکی کەی ژیان و کەشف کردنی دونیا یەکی نوێیە؟

ئەنوەری ڕەشی عەوڵا / لەمناڵێتییدا هەموو شتێك بە گەورە دەبینیت، کە گەورە دەبیت.. هەموو شتەکان بچکۆلە دەبنەوە! ئەوەی دیسانەوە توانای بە گەورە نیشاندانەوەی شتەکانی هەیە، هەشتا.. منارە! نووسین گەڵانەوەی خەسڵەتەکانی ئەو منارڵێتییەیە، کە لە کۆڵانەکانی خەیاڵکردنەوەدا بە خەبەردێتەوە. لەبەر ئەم ڕاستییە سادەیەش بۆ، نوسەرەکان چەندێ ئایندەخوازیش بن، ناتوانن بۆ ڕابردووە (کە منایەتیی لەوێیە) ئەو هەنگاوە بنێنەوە. چون نووسین گەڵانەوەی ئەو ڕابردووەیە بەڵێ وچاوی منارڵێتییەوە. بەوەدەڵێ ڕەگەزێکی بنەڕەتیتر بۆ کردەی نووسین " دیسان خەڵقکردنەوە" بێت. خەڵقکردنەوە، هەر لە وشەیەك و منارڵێتی خۆتەوە، هەتا مرۆڤەکانی تریش. سروشت، گەردون دەگرێتەوە. گرتنەبەری ئەم پرسەسەش زۆبۆ یاخۆ بەردار، هەر بە زمانەو لە ڕێی زمانیشەوە وەڵامەکەی وەردەگرینەوە و ساغ دەبێتەوە، کە ئێمە بۆ دەنووسین..؟ هەر لەبەر ئەمەش بێت، دەتوانین ڕێ بە خۆمان بدەین، کە نووسین " میمیسیس/ تەقلید و لاساییکردنەوە" نییە، بەڵکو خۆی خودی ژیانە. بەڵام ژیانکردنێکی تاك و تەنهایانەیە، لە ڕێی فەنتازیاوە، ژیانکردنێکە توشبەرەکەی ئەندیشەکردنە. هەتا نزیکبونەوە لەوەی، ئەوە تەنها تێ نیت لە ژیاندای، بەڵکو ئەوە ژیانیشە، لەوێدا " لە نوسیندا" هەناسە دەدا و دەژێتەوە. نوسین لێی دەوەشێتەوە، ببێتە جۆکەوتە و لە بری ژیان خۆی نیشان بداو

بنونەتەوە. گەر وا نەبا، هەندێ نوسەر ئیرەییان بە نوسینەکانیان نەدەبرد. کە ژیانی تێکستەکانیان لە ژیانی خۆیان نەمرتر و دڕۆترە. لەبەر ئەوەی نووسین بە سروشت بزاز و بزاوە بۆ گۆڕان، بەو پێیە، ناتوانین مەرجێکی نەگۆڕ بۆ کردەی نوسین دابمەزرێنین و هەموومان وەکو یەك رازی بکات. چونکە نوسین لەوە سرکترە لە قەفەزی مەقولە و ستایلێکدا زیندانیی بکەین. ئەوە کوشتنی پێکهێنەرانە و کارلێکی جیاوازییەکانیشە. ئەوەی لە ژیانیشدا نەگۆڕە، ناتوانی ژیان بە یەك ڕەنگ و یەك مۆدێل ببینی.. ناتوانی بە یەك دەنگ بیبیستی.. یەك بۆن و یەك تامی هەبێت. مادام ماکی ژیان فرە دەرگا و فرە ڕێگایە. کەوابێ هەرکەس دەتوانێ لەو ڕێگایە بدوێ کە فەنتازیا یان واقیعییانە ڕێشتووە پیایدا. هەیە نوسین بەو شادەرگا و دەروازەیە دەبینێ کە لێوەی دەچێتە ناو قەڵای هەبوونایەتیەوە. هەموو ئەمانە ڕاستن، چون بەڕاستی لە ڕێی نوسینەوە خۆیان گۆڕاوەتەوە. واتا کردەیەك خۆتی تیا دەگۆڕیتەوە، بەڵام بەم هەموو کردە و کێشانەشەوە، هەرگیز ناگەیت بە دوا مەنزڵ. گەرچی نوسین ناخودئاگایانە چاو لە دووی ئەو مەنزڵەیە کە کەس پێی تێ نەناوە، هەرگیز پێی ناگات. بەڵێ وێستگەی جیا جیا هەیە، کە پێی تێناوە. ئەویش ئەو تێکستانەن دەیخوێنینەوە. دەشێ بتوانین ناوی بنێین وردە مەنزڵەکان. نووسین گەیدەیی بوونە بە نێو توێی دڵی ئەو وردە مەنزڵانەدا! ئا لەوێدا نوسەر مارشاڵی فەشەلەکانی خۆی و دنیایە! دڵنکیخۆتە مارشاڵی فاشیلەکان بوو. لە ئەدەبدا" ئەم جیهانە باڵایە و بەرکەماڵە دەروونییە" قبووکراوە مارشاڵی فەشەلەکانی خۆت بیت، لێ لە ژیانی واقیعییدا کە تەوقدراوە بە سەدان تەلبەندی سەلماندن و بەگە و مەرجی لۆجیکیی نەگۆڕ و ئەقڵانی، جێی توانج و تەشەر و تانووت لێدانە. گرنگ نییە فاشیلە یان سەرکەوتوو، بەکو گرنگ ئەوەیە ئێمە پرسیار لە بارەی بەهای شتێکەوە دەکەین کە نووسینە! وەك بڵێی: ئەو پەرستگایەی لە سوجدەبردن و نوژی وشەکانەوە، لەسەربەرمالی پەرەیەکدا، بگەیت و وەسڵ بە پرتەوی خودای مانا و ئەودیوو ماناکان! گەرچی دوا گەیشتنیش نییە..

شاخەوان سدیق/ زڕجار دەوترێت کاری ئەدەب دەرخستنی ناشیرینیەکانی ژیانە، بە هێندەی باسکردنبێت لە جوانییەکانی، بەڕاستی ئەوە پێتان وایە ئەدەب و تێکستی ئەدەبی بۆ کاری هەخنەگرتنن لە ژیان، یان ئەدەب خوڵقاندنی دونیایەکی نوێیە لەو دیو ژیانی واقیعیەوە، بەگشتی پەیوەندی ئەدەب بە ژیانەوە چۆن دەبینن؟

ئەنوەری ەشی عەوڵا / ئەوەی بە هیچ کلۆجێك. ناهێڵ، ژیان لە میکانیکیی بوونەوەدا پەژمورده ببێ، بەرەو مرداروەبوون بچێ، پەیبردن و دینامکییەتەکانی ئەدەب و هونەرە. لە بەرئەوەی هەرچیەك بێ ملپێکەچکردنی مەرامەکانی خۆی، بیەوێ روحی بێندی ژیان وەدەربنێ و سەرفی بکات، ئەدەب لە نێو دڵی بانگەوازەکانی خۆیدا کە "گەانەوەیەکی هەتا هەتاییە" ئەو شتە سەرفکراو، فەرامۆشکراو، کەنەفتبوو، هێزلێبڕاوەی ژیان، لە خۆیدا، لە دڵخۆکی تردا، هەدەبژێرێ و بە بەرزترین شێوە بەرهەم دەهێنیتەوە. بەو لەونەش بەرجەستەی دەکاتەوە، کە لێوانلێو زیندوێتیی لێبچێنێتەوە. بە رادەیەك گەر ژیان بدەیتەوە دەست خۆی، لەوەی لەو واقیعە فەوتێنەرانەدا هەبووە و بەسەریدا هێنراوە، لەو بە فەنتازییادا کرنەیدا خۆی ناناسێتەوە. وەك بڵێی لە پەیمانێکی نوێدا بێت، خودایەکی تر، بە بونیادی سیستەمە بەهایەکانی، بە پەیام و مەکتوبە ئیستاتیکییەکانی خۆی ئافەریدەی کردبێتەوە. هەبەت ئەم سیحر و جادووە سەرمەدیی و بەسنووڕەش، بێ هیچ زیادەەویی و گومایەك، جودا لەهەر بوارێکی تر، لە خاسەویی ئەدەب و هونەرێکی باڵا دەوەشێتەوە!

شاخەوان سدیق/ کاتێك بەر نوسین یان دەقێکی تێ دەکەوین لەگەیدا بەر زمانێکی جیاواز لە دەربڕین دەکەوین، دەمەوێت بپرسم زمانی جیاواز یان جیاواز نوسین، تاچەند بێ نوسەر گرنگە؟ ئایا زمانی جیاواز مەرجە بێ پرسەی داهێنان؟

ئەنوەری ەشی عەوڵا / هەر وەك چۆن تۆوێك لە هەموو خاکێك و کەش و هەوایەکدا ناتروکێ و شین نابێ. ئەو زەمینەی نوسەریش لەسەری وەستاوە، بووەتە پێگەی و لێیەوە دەوانێت، وەك وێگەردێك بێ خۆی و بوون و دنیا تایبەتەکەی دەگەێت، تۆوی زمانیشی پشتبەستوو دەبێ بە ریشەداکوتانی ئەزمون و تێرامانەکانی، هەر بەو ماتەرانەشە لە دەستی دێت خۆی فەرمێلە و شێوەباز بکات. تێ بڕوانە.. لە چل و شەش کرۆسۆمی دایکمان باوکمان پێکهاتوین، کەچی ئێمە ئەوان نین، تەنها خۆمانین. نەك پەنجە مۆری دێ و ڕەحمان، شەپێلی بینین و هەناسەدانیشمان لەوان ناچێت. منیش هەروا چاو لە زمان دەکەم. زۆر سادە، شێوازی بەیانکردنی تێ کەسایەتیی تایبەە، لەو بوار و ئەتمۆسفێرەدا کە خۆتی پێدەردەبڕیت. بۆچی ئەو زمانەی کتێبە پیرۆزەکانی پێ نوسراونەتەوە، لە زمانی گشتی ناچێت..؟ چون میتافیزیك و سوپەرناچوێلیەت و روحانیەت سەرپەنایەتی. لە ئینجیلدا هاتووە: شەرابی تازە نابێ بکرێتە مەشکەی کۆنەوە هەتا

نەدە! ئەفکار و بیرکردنەوەی تازەش، ناکرێ بکرێتە مەشکەی زمانە کۆنەکەوە. هەروەك ئەوەی لای زۆربەی ئێمە ئیدامەی هەیە و لەسەری دەلەوەن و سەروکاریان لەگەیدا هەیە و بەوپەڕی دڵنیاییەوە بەرگریی لێدەکەن. لێ نوسەرێکی تر کە نادڵنیابێت، بەرامبەر، ئەو زمانە مۆگەلییەی هەموو لەسەری راهاتوون و کاوێژی دەکەنەوە، چون پێیانوایە ئەمە (صراگ مستقیم) ەو نوسین دەبێ هەر وەهابێت. بۆیە هەموو لە دەوری سەری بەردەرەشەکەی زمان بگەڕین و شەیتانی لەعینیش بە خۆکە بەردی بەدنیازی، مەرام و بوغز و گرێ دەرونیی و نابووتی و نادانیەکانمان سەنگەسار بکەین. من بە دوعای ئاوا ناڕەم ئامین! خۆ جولەکە و کریستیانیتی و ئیسلامیش، لە شیکەدا جیاواز دیارن، لێ جەوهەری هەرسێکیان لە ئەسڵی یەك خاك و خوێەوە هاتوون و هەڤقوڵاون. بۆیە زمانی ناوکۆیشیان هەر دەتوانێ سەروسەودایان لەوە زیاتر نەبێت: لە خوێەوە هاتوین و دەچینەوە بۆ خوێ. ناخودئاگا، هەر بەو پێودانگگەلە زێرینەمان مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکەینەوە. بەڵێ.. هەموو ئیلاهەکانی زمان، دەبێ، لەبەردەم یەك شازمانی خودای مەزندا هەڵوەشێنەوە، خەسڵەتی ئایینی تەوحیدییش لەمە زیاتر نەبووە و نییە. بۆمنیش، وتەبێژەکانی ئەدەبی کوردیی بە یەك شاشەقامی زماندا ڕێدەکەن، بە جیاوازی ئەوەی دەیانەوێ چ بڵێن، هاوڵا و هەمەڕەنگ و هاورەگەز و هاوئاهەنگن لەیەك پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا، کە دەبێ زمان وەك کۆرسێك پیایدا بڕوات و دەنگدانەوەی ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرە بێت. یەعنی دامەزراندن و بە ستانداردکردنی یەك فەرهەنگی نەتەوەیی گشتی، کە دەبێ هەموو پێڕەوی لێبکەین، و تەعمید و غوسڵی خۆمانی تیا دەربکەین، هەتا لە لایەن دژبەرەکانەوە تووشی بێئیمانی، ڕۆح پڕخۆی، فەوزای زمان نەیەین. هەڵبەت ئەوەی لەم کێشەیە و ڕکەوتنە دەستەجەمعییەش لابدات، وەك لادانێتی لە ئایینی تەوحیدیی، کە بە هەڵگەڕاوە و کافر و زەندیق ناوزەد دەبێت، و بەم ڕکەوتنە گشتی و مۆگەلیانەش بێت، هەرکەس دەتوانێ فتوات لەسەر بدات و خوێنت حەڵاڵ بێت. جا ئەم تایبەتییەتە، ئەم خێراپسکانانەی باس و خواسەکان لە ئەسیریی، ئەم گیان ڕەهابونەی زمان، کە لە قۆناغێکی دژی ئەزمونەکانمەوە سەرهەڵدانە گەرەکێتی خۆی بخوڤقێنێتەوە، لاوازییە یاخود هێزە.. خۆدزینەوەیە یاخود ونبوون.. پوکانەوەیە یاخود داهێنان نازانم..!؟ گەر هەقی ئەوەم پێ بدرێت، منیش خوداوەندێکی بچکۆلانەم لە خۆمدا کەشف کردووە، کە لە خودای گشتی ناچێت، ئەمە. ئەوە لە منداە بە پیت و وشە و ئایدیاکانی خۆیەوە دەئاخفێ و منیش دەیژنەوم. بەڵێ بۆ من، ئەمە تەنها مانای جیایی "ماهییەت و جەوهەری" ستایڵی منە، لەم مۆگەلستانە بە ڕەسمی کراوەی زمانی کوردیدا! ئەو ئاوە گەورەکان ڕشتویانە، من چیتر پێی

لێناخەم. وەك منا٠٠ك ئاوس بە فەنتازیاکانی سەرقاڵی خ٠٠ەبەتانێ و یارییکردنم لە نێو وردە هەقیقەتەکانی خۆمدا..!

شاخەوان سدیق/ ەخنەگری گەورەی ئەمانی (مارسێل ایخ ااینسکی) دە٠٠ت" دەبێت ٠٠مان چۆزمان پێببەخشێت، چۆزی خوێندنەوەو کات بە سەربردن" تاچەند پێتان وایە ئەدەب بە تایبەت ٠٠مان بێ چۆزو کات بە سەر بردن بێت، ئەوە لە ٠٠مانەکەتاندا (پەرتگا) تاچەند ەچاوی چۆزی خوێنەرتان کردوە، بێ لە دوای ئەو ٠٠مانەوە کاری ترمان نەدی؟ دوای (پەتگا) ٠٠مانی تری تێ دەخوێنینەوە؟

ئەنوەری ەشی عەوڵا / من بەرگدروو نیم، هەتا کەتەلەگەك بدەمە دەست خوێنەر و رەخنەگرەکان و بە٠٠م: هەبژێرن بە ئارەزووی قەڵەوی و بنسێتی و کوڵەبنەیی و بەژن زراڤی (چۆڕ و مەعریفەی) خۆتان. بە٠٠م هەتا دەڵێب و تەسك و تروسك نەبێت، بفەرموون.. چۆنچۆنی بنوسم، بە دڵی ئەوە ڕێ بکەم، بیربکەمەوە و خۆم دەربڕم، هەتا کەیفخۆش بن و ئارەزووەکانتان تێر بکەم . ئاخر نوسەر سوزانیی نییە، هەتا بە پێی حەز و شەهوەتبازیی موشتەرییەکانی خۆی ئارایش بکا. دوکان و بازاڕ دانانی سیاسیش نییە هەتا نان بکا٠٠ و بفرۆشێ بە نرخی ڕۆژ، وە لە خەمی ئەودا بێت بزانێ لایەنگریی زۆرە، لەوەوە ئەو دڵنیاییە دەستەبەر بکات کە راستی و دروستی موبارەزە کردن و خوێندنەوەکانی بێ واقیعی حاڵی حیزب و کۆمەڵگاکەی لە چ ئاستێکدایە. داخوا مەبەست لە هەستی چۆزبینین دەبێ چی بێ..؟ چۆزی ئازادی، چۆزی ئەقڵی، چۆزی ئیستاتیکیی. لای بودا هیچ چۆزێك نییە، وەك چۆزی ئازادیی. دەرهەق بە ڕۆمانی پەرتگا بانگەشەی هیچ بەهرەمەندییەکم نەکردووە، تەنها لەودا من مومارەسەی ئەو ئازادییە بوداییەم کردووە و هیچی تر. هەیە دەترسێ ڕووبەڕووی لاوازییەکانی خۆی ببێتەوە و ڕوحی هەڵاهەڵابووی خۆی بە ڕووتی و پەرتبووێی ببینێتەوە. پەرتبوون لە نێوان خولیا جەستەیی و ڕۆحییەکان. پەرتبوون لە نێوان وەهم و واقیعدا.. پەرتبوونی لە نێوان مەنفا و نیشتماندا.. پەرتبوونی ئەوەی دەتەوێ بیە٠٠یت و کەچی زمانێك نادزیتەوە، کە پێاوپێی ئەو لەتبوونانە بێت. ئالەودا، بە قەولی ماریا فارگاس یۆسا: " راوی نادیار، ئەو گ٠٠ەڕەوەیە، کەسێتییەکی شیزۆفیرییانەی هەیە، وەکو خەیاڵپڵاوێك هەروا بێ خۆشی دەکرێتەوە و شت دەدرکێنێ و قسە لەگەڵ خودی خۆی دەکات، لە کاتێکدا رووی دەمی لە خوێنەرە. ئەو بازدان و جگ٠٠کۆیانەی راوی مایەی سەرلێتێکدانە ". دەی هەیە چۆز لەمە نابینێ. لە کاتێکدا لای کانت " لە دەرەوەی ئاماژەکردن، بە هەستی خودەوە، جوانی و چۆز خۆی لە خۆیدا هیچ نییە" گەر بەو پێوانە

کانتییه بۆ " ئەو خودێتییه کێیه، که توانای پێناسه و حوکمدان و فتوای هەیه بەسەر قەشەنگی – بوونی ئەدەبی و هونەرییدا- ..؟ " کەچی لای شۆبنهاوەر که دەچێته ناو لێچەکانی هەبونایەتیمانەوە، پێیوایه: خواستی خۆپەرستیی، چۆنێکه که بۆ مرۆڤ لە هەر چۆنێکی تر باڵاتره. ئەم چۆنەش تەنها لە رێگەی بەراوردکردنی خۆت لەگەڵ ئەوانیتردا دێتەدی. دەبێ ئەو توانایيه لە کوێوە بهێنیت، لە کەمەڵکی نەخۆش و دۆ و دەروون کرمەڵزبوی وەك ئێمەدا، مەرزی ئەو هەموو راز و نیازە دەردەدارانەیە ببەزێنیت، کە لە ژێرپەردە و بە ناوی جواناسییەوە شەی عوقدەکانی خۆیان دەکەن و دەبێ دێیکی خودایانەت هەبێ، هەتا بەرگەی پێوەدانەکانیان بگریت و بە سنگێکی فراوانەوە لێشیان قبوڵ بکەیت..؟ بەڵێ دوای پەرتبوونی مرۆڤی ئێمە لە پەرتگادا. بۆ دوو ساێیك دەبێ، مژڵێی رۆمانیکی تر بووم، کە باس لە سەرگەردانی مرۆڤ دەکات بۆ بیبینەوەی ماڵێك کە ببێته سەرپەنای روحی، بە ناوی (ماێیخ)، لە رۆکخستنەوە و پاکنووس کردنیدام.

ڵێمانی کرێمستی … نووسینی: کەریم کاکێ

بۆ خوێندنەوەی ئێم ڵێمانێ کلیکی ئێرێ بکەن .....

گۆڤاری شیکار ژمارە 14

بۆ خوێندنەوەی ژمارە 14ی گۆڤاری شیکار کلیکی ئێرە بکەن .....

شتێك لە نووسین .. سەباح هەنجەر

1

زۆر نییە لەناو هەخنە و لێكۆڵینەوەی ئەدەبی كوردیدا ناونیشان وەك بابەتێكی سەربەخۆ و گرینگ، بەهای پێبەخشراوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت. لە هەموو بار و بوارەكانیشدا ناونیشان و ناوەرۆك دەچنەوە سەر یەك ماك و بنەما، ئەویش ناوەندە. واتە: دەقەكە، ئەگەر ناونیشان داهێنابێت، دەبێتە هەستگەرمی و سرووشتێك، داهێنانێكی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەڵبژاردنی لەسەر بنەما و بیرۆكەی: ئەفسانە و ئەفسوون هەڵبژاردنێكی هۆشمەندانە و داهێنەرانەیە، لە وێنە و سرووش و دەربڕینەدا بەدەردەكەوێت و وزەی ئەو هەستە دەدزێتەوە، كە لە ناوەرۆكدا بەدواداچوون و هەنگاو هەڵنانە بۆ كۆكردنەوەی تاقە تیشكەكان و وزەی ئاستەقینە و هەوێنی شیعرەكە. لە ناوەرۆكدا دەقی نوێبەخش یەكەیەكی یەكگرتووی تێدا نییە، چونكە ژیان پارچە پارچە بووە و جۆرێك هەوەشێندراوەتەوە. هەندێك جار پارچەكان لێك دوورن و هەندێك جاریش لێك نزیك. گرینگ ئەوەیە لە هەردوو بار و بواری لێك نزیكی و لێك دووری پارچەكان هەرەم و دەربڕینی ژیانن و بنەمایەكی پەیوەندییان هەیە. هەست بە پچڕانی پەیوەندیی نێوان ناونیشان و ناوەرۆك ناكەین. ئەم دوو بار و بوارەی لێك نزیكی و لێك دووری دابەش دەبن بەسەر دوو خاڵدا:

خاڵی یەكەم: ئەو دەقەی، كە دەقێكی نوێبەخشە یەكەیەكی یەكگرتووی تێدا نییە، ناونیشانەكە دەبێتە تاقە تیشكێك لە ناوەرۆكەكەدا.

خاڵی دووەم: ئەو دەقەی، كە دەقێكی ئاساییە یەكەیەكی یەكگرتووی تێدایە، ناونیشانەكە دەبێتە ئامانی سەرەكی و بە تەواوی جەستەی دەقەكەدا شۆڕدەبێتەوە و دەبێت بە ئایەڵ و تانوپۆ، لە ناونیشانەوەش درێژە بە شیعرەكە دەدات ناونیشانەكانی من وەك تاقە تیشكێكن بۆ مانا و ناوەرۆكی دەقەكان. نەك وەك ئامانی سەرەكی بەتەواوی جەستەی دەقەكەدا شۆڕبووبێتەوە، هەروەها تاقە تیشكەكان لەخۆیدا كۆ دەكاتەوە.

ناونیشان ناتوانێت ئایەڵ و تانوپۆی ناو دەق ئاڵۆزبخات، لەبەر ئەوەی ئەو خۆی هەوڵدەدات بە زمانێكی نەرم لەگەڵ هەگەز و توخمەكان پەیوەندی دروست بكات و هاوگونجان پەیدا بكات، لە ناوەڕاستی هەشتایەكاندا: (ئەحمەدی مەلا) زۆدی خۆی: (زەردك) بۆ ناونیشانی

کێشیعرێکی بەکارهێنا. ئەمە دەستپێشخەری و دیاردەیەك بوو لە ناونیشانی کێشیعری کوردی، زۆریش بەجوانی گەیشتووە بە ناوەندی خۆبوونی داهێنان.
بەشێك لەناونیشانی کێشیعری کوردی بەلامەوە وردبوونەوە و مەودایەکی هونەری و دڕخگڕێن و سەرسامبوومە پێیان، نەشمتوانیوە سەرسامی خۆم بەرانبەریان بشارمەوە، ئاستێکی باڵایان بەدەقەکان داوە و هەکارێك بووە لە هەکارەکانی داهێنان و گەلێك پنتیش لە ناوەڕکدا ووندەکەنەوە، ئەو ناونیشانەی سەرسامیان کردوون ئەمانەن:
یەکەم: سەمای بەفری ئێواران – ی جەلال بەرزنجی.
دووەم: سووتان لەبەر باراندا – ی ەفیق سابیر.
سێیەم: تەمە سپییەکانی ڕح – ی کەریم دەشتی.
چوارەم: هێلانەی نغرێ – ی مارف عومەر گوڵ.
پێنجەم: تاقگەی مەند – ی نەژاد عەزیز سورمێ.
شەشەم: کاتێ قامیش بەئاگا هات بووبووە بلوێر – ی سامان دزەیی.
ناونیشان بەلای منەوە بەسەر سێ دڕخ و ئاستدا دابەشدەبێت و تێدەپەڕێت: ئەوەی لێرەدا وەك بار و بوار و دڕخگڕێین، بەجێش و ئەمەکەوە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم. ناونیشانی: (خەون واخێی گڕێایەوە)یە. سرووشی ئەم ناونیشانەم بەجێش و سرووشکی دوورەدووری ناونیشانی: (زەردەشت وا دوا)ی نیتشەوە لا دروست بووە و لە داشتنیدا هاوگونجانێکم بەکارهێناوە، هەروەها ناونیشانی: (کاتێ قامیش بەئاگاهات بووبووە بلوێر)، لە سروشت و سرووشی دڕەشیعرێکی: (مەولانا جەلالەدینی ڕومی، لە سروودی نەی) وەرگیراوە. ئەوەی من گەرموگوڕییەکی زۆر شاراوەیە، ئەگەر خۆم ئەم گەرمی پێبەخشینەی ئەزموونی خۆم نەهێنمە بەرباس، کەس هەستی پێناکات و خاڵکی هاودەقی لێ نادزرێتەوە، چونکە زۆر بە ئاگاییەوە لە ناوەندی ناونیشانەکەی نیتشەوە بەهرەم وەرگرتووە و چوومەتە دەرەوە، یان ناونیشانەکە لە سەرسامیی خۆی وەستاندوومی و بەڵی خستوومەوە بێ دروستکردنی سەرسامی خۆبوونی خۆم. هەرچی سامان دزەییە لە ناوەندی دڕەکەی ڕومی نەچووتە دەرەوە و ماوەتەوە، هەروەها ئەوەندەی من ئاگاداربم، واشبزانم ئاگاییەکی ووون و وردم لە شیعری نوێی کوردیدا هەیە. وشەی (ئاو)، وەك ناونیشان یەکەم جار: (سامی شڕش) لە ژمارە (1)ی بڵاوکراوەی (نۆبەرە)، ساڵی 1970 بەکاریهێنا، شیعرێکی تێدا بڵاوکردەوە بە ناونیشانی: (بووکی ئاو). ئەم ناونیشانە بێ سەرەتای حەفتایەکان ناونیشانێکی دڕخگڕێ و کاریگەر بوو، پاش چوار ساڵی: (عەباس عەبدوڕڕا یووسف) بەجۆرێك لە جۆرەکان وەریگرت، یان گواستییەوە، کردی بە ناونیشانی نامیلکەیەکی بەناونیشانی: (ئاو). جا نازانم ئەم شێوازی وەرگرتنە دەچێتە چ

خانەیەك، وەرگرتن، یان گواستنەوە، یان... تاد، بەڵام هەندێك ناونیشان هەیە. دەقاودەق وەرگیراوە، یان گواستراوەتەوە، یان... تاد، (بەفری گەرم – الپلج الحار) لە بنەڕەتدا ناونیشانی ڕۆمانێکی: (یوری بوندارێف)ە، (غائب نعمه فرمان) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. (نەوزاد هەفعەت) لە ساڵی 1992، دەقاودەق وەریگرتووە، یان گواستوویەتییەوە، یان... تاد، کردی بە ناونیشانی کۆشیعرێکی خۆی.
من هەروا بە سادەیی ناونیشان وەرناگرم و بە قووڵی و وردبینییەوە، فەزای زاڵی دەخوێنمەوە و جێگای بایەخمە، ناونیشانی دڵخگڕ واتای جیابوون و جیاوازییە. لەو دڵخەوە خوێنەری نموونەیی تێدەگات نووسەر قووڵبینە، یان ووکەش.
ویستم لە ناونیشاندا کارێکی تایبەتمەند پێشکەش بکەم، لە جێگای پێت و دەنگدا وێنەبکێشم. واتە: ئەگەر ناونیشانی شیعرێکم: (باڵندەی مەلەوان) بێت. لە شوێنی ناونیشان وێنەیەکی ماسیگرە، یان قورینگ... تاد، بکێشم. لەیەك کاتدا هەم شێوەی وێنە و هەم نیشانەی نووسین بدات. ئەو ویست و هەوڵەم تەنیا وەك بیرکردنەوەیەك مایەوە و جێبەجێم نەکرد، پێکهاتەی شێوە کارکردنەکەشم بنیاد نابوو. جێبەجێ نەکردنەکەشم تەنیا لەبەر ناکارایی و ئاستی شارەزانەبوونی نەخشە سازەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوو.
ساڵی 1993 لە ژمارە ( ) لە ( ) هەوڵێکم لە شێوازی ناونیشان پێشکێش کرد. شیعرێکم بە ناونیشانی: (سەباح) لە (پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ)دا باڵاوکردەوە. مامەڵەم لەگەڵ چوار توخمەکەی بوون، وەك پێکهاتەی گەردوون و جەستەی خێم کردبوو. (با، خۆڵ، ئاگر، ئاو). لە هەر بەشێکی سەربەخۆدا ناوی توخمە مامەڵەیەکم کراوەکەم وەك ناونیشانی لاوەکی لەژێر بەشەکە دانا بوو، نەخشەسازی ڕۆژنامەکە هونەرمەندە: (هەگورد جوندیانی)، ئەم شێوازی ناونیشانەی بە پیزپەڕ و نامۆ زانی، بەنابەدڵی کاری تێدا کرد، ئەنجامەکەی منی بە تەواوی نەگەیاند. لە دوای باڵاوبوونەوەیدا، بەم ئاشکرا بوو ئەم شێوازە سووریالییە فەرەنسییەکان لە سەرەتای دروستبوونیان پێشکێشیان کردووە. ئەم هەوڵەشم وەك سەرەتایەك مایەوە و لێی دوورکەوتمەوە، بەڵام ناونیشان بەوێنە وەك پێژەیەکی دواخراو لام ماوەتەوە و لە کۆشیعرێکم تا بەم بکرێت و بتوانم پێشکێشی دەکەم، دەشزانم لە شێوە کارکردنەکەمدا بەرەو کۆ دەچم و هەمایەك دەکەم بە ناوەند.
سەنگێك هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هیچ سەرچاوە و وزەیەکی ئەدەبی بە ئاستی شیعر نەبووەتە بنەمای پەیوەندی و مایەی بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەی چالاك. واتە: ئەندێشەی چاك، کرداری چاك، گوتاری چاك. هەروەها بەو پایە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەش پەسند نەکراوە و نەدرەوشاوەتەوە.
گیانی زمانی دەربڕینی کوردیش، تا ئێستا هەر بە تەنیا لەناو پڕۆژە شیعرییەکاندا زیندووە، کوردیش ویستی شیعر نووسین و هەستیاریی شیعری زۆر بەهێزە، تواناکانی خۆی تێدا تاقی دەکاتەوە، هەڵکەوتە کۆمەڵایەتییەکەشی وەری دەگرێت و ڕەوایی بە بەردەوامبوون و پەرەسەندنی دەدات، داهێنان بە وەرگرتنی قووڵاییەکانی ژیان بەرهەم دێ، لەم بەرهەمهێنانەشیدا ژیان دەخاتە ناو پڕۆژەی دێزینەوەوە.
ئەگەر دەربڕینکیش لە فۆرمی ئاستدار و تیشکۆی خۆماڵییەوە دانەچێڵابێتە ناو بوون و زەمینەی تەواوی دەربڕینەوە، بەهیچ شێوە و کەشوهەوایەك ناتوانێت نوێبەخش بێت و بێتە ناو پڕۆژەی دێزینەوەوە.
بە شاعیری نوێبەخش وەرگرتنی قووڵاییەکانی ژیان زیندووبوونەوەی زمانە، زمانی دێزینەوەش زمانێکی یەك ئاراستەیی نییە، بەپرسیاری زۆرەوە لە ئاستە هەمەچەشنەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە، قووڵاییەکان هێزی وشە و ئەزموونی تێدا نوستووە، لە دەربڕیندا ئەم هێزە تاقی دەکرێتەوە و دێتە ناو پڕۆژەی دێزینەوەوە.
بەشێوەیەکی سەرەتایی نوێبەخشی لە ژیان و بیر و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا دەرکەوتووە و هەنگاوی بە نراوە، بنەماکانی گۆڕان بەرەو پێداویستییە هاوچەرخەکان و هۆشیاری دەبێتە پێوەری دێزینەوەی ئەدەبی، هەروەها نوێبەخشی هێ و ئامانجە بۆ پەیوەندیکردن بە چالاکییەکانی ژیانەوە، بەشێك، بەشێکی لابەلاش نییە لە ژیان. ڕاستەوخۆ ناوکی ژیانە، مرۆڤ لە بار و بواری بەختەوەریدا وەك خوداوەندێکی ڕاستەقینە دەژمێرێت، ئەفسانە و ئەفسوونێکی واشی تێدایە گیان و جەستە لە بەندی بحەوێنێتەوە.
بابەت وروژاندن و شێوازی شاعیر هەستکردنە بە چرکە زیندووەکانی ژیان و شێوەبوونەوە بۆ ناو ناواخنی سروشت و لەدایکبوونی وەرزەکان و گونجان و تەبایی نێوانیان. واش بەرانبەر ڕابهێنێ هەست بەم شێوەبوونەوە و گونجان و تەباییەی نێوانیان بکات.
هەستی نووسینیش بە ساتەوەختی زۆر ناسك، یان زۆر دژوار تێدەپەڕێ. تێوانینەکان ئاوگێڕیان تێ دەکەوێ و دەسکێن.
شیعری ڕاستەقینەی خاوەن جیهانبینی، کە خودی مرۆڤ دابڕێژتەوە، لە ژیری و پەند و سۆز و تاسە و ترپەی گەرمی دێ و خەونی ڕۆمانسییانە

بەدەر نییە، ئەگەر شیعریش ڕووت کرایەوە لە ژیری و پەند و سۆز و تاسە و ترپەی گەرمی دڵ و خەونی ڕەمانسییانە بە هیچ جۆرێك ڕاستەقینە و خاوەن جیهانبینی نییە، کە خودی مرۆڤ دابڕێژتەوە.
شاعیری نوێبەخش هیچ کاتێك چاوەڕوانی هاندان و ستایش ناکات، هەر کاتێکیش چاوەڕوانی هاندان و ستایشی کرد، ئەوە بۆای بەوە نییە ئەوەی کە نووسیویەتی خۆبوونی و داهێنان بێت. دەربڕینی نایاب بەهۆی کرداری گەیاندن و هۆشیاریی زمانەوە لە ئاستی ئاسایی دەپەڕتەوە بۆ ئاستی ئێستێتیکا و خۆبوونی، دەبێتە خاوەن پرسیار لە نێوان وریاییی زمان و وریاییی ئاخاوتن.
زمانی ئێستێتیکا، شێواز و ئەدگاری خۆی لە دەربڕینکردن و دەربڕینەوە وەردەگرێت. لە ئەزەلەوەش گیان، گیانی جەستەیەکە شێوەیەکی دیاریکراوی چرکە زیندووەکانی بۆ ژیان و نەشونما دێزیوەتەوە، شێوازیش ناوەند و گیانی نووسەرە، هیچ گیانێکیش بۆ جەستەیەکی دیکە وەرناگیرێت.
شێواز و شیعرییەت و زمان، ئەزموون بۆ دیاردەکانی ژیان و وێناکردنی کامەگا پێشنیازیان دەکات، دیاردەکانی ژیان و وێناکردنی کامەگاش پەیوەندی بە هەموویانەوە هەیە، بەشدارین لە چالاککردن و بەڕێوەبردنی، پەیامی هونەریی مرۆڤگەلێکە، کە هەوڵی سڕینەوە و لەبەینبردنی ئەو شتانە نادات، کە ژیان دەخەنە بار و بوارێك بەرگری لە بە ژیانبوون و ئازار و ئازادیی خۆی دەکات.
ژیان و بوون و دنیاش لەناو شیعری نایاب و ئێستێتیکی و خۆبوونیدا نوێن، لەناو ڕەشنبیریی کوردیدا نوێبەخشی هێشتان بە ڕوونی شوێنی شیاوی بۆ نەکراوەتەوە، ئاخاوتن لەبارەیەوە دەبێتە هەرا و زەنا، پێویستە ئەو بۆیارانەی لەم بارەیەوە بوونەتە مایەی سەرنجی کەمەیەکی کەم، بە ئاستێکی دیکەوە بخرێنە ناو ئاخاوتنەوە.
ئایە ئاخاوتنەکانمان لە خودی نوێبەخشیی دەقەوە دەرچوونە، یان لە دەرەوەی دەقەوە وەرگیراون و لە جەستەی تەنك و ناسکی دەقدا پراوەی پێ دەکەین، کە جەستەی تەنك و ناسکی دەق هیچ پراوەیەك وەرناگرێت جگە لە پراوەی گیان نەبێت.
نووسینێك گەیشتبێت بە ئاستی دەق، پەیوەندیی ئاستداری چارەنووسسازی بە ئێستێتیکا و خۆبوونییەوە هەیە، کە هەمیشە وەك سەرچاوەیەکی ڕوون، هێزێکە بۆ بەرهەمهێنانی سەرچاوەی دیکە، بەرەنجامی خودێکی هەژاو و هۆشمەند و وریایە. بەشێکیش لە خودی هەژاو و هۆشمەند و وریا گەیشتوون بەو هەقیقەتە، کە شیعر بگەڕێتەوە ناو سۆز و هەست و ڕوونی و ئاشکرایی لە دەربڕیندا، ئەمەش وەك دیاردەیەك پێویستە بخرێتە ناو ئاخاوتنەوە. زۆر جاران گۆڕانکارییە ڕەچاونەکراوەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر

چەنیەتیی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا و بیر و دەربڕینی تاکی نووسەرەوە هەیە. دەبێتە بابەتی نووسینەکانیان، بەڵام نابێتە ماناى ووون و دیار، بگرە لە چۆڕدا دەبێتە سرووشی مانا و چالاکیی وێنە، سرووشی مانا و چالاکیی وێنەش شاعیر لەوە نزیك دەخەنەوە بچێتە ناو جیهانبینیی تەسەوفەوە و لەو جیهانبینییەوە پەی بەنهێنییەکان ببا و بە هەقیقەت بگات. واتە: شاعیر پەیبەر و شیعریش پەیڕەوی.
سەنگڵك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

3

پانتایی جیاکارم لە بەرهەمەکانمدا خوێقاندووە، لە پانتاییەکدا دەستنیشان ناکرێم. ئەرێ لە پانتاییە شیعرییەکاندا، دەچمەوە سەر چ پانتاییەکی خێ تایبەتیکردن. تایبەتکار بۆی هەیە تەواوی هەبووەکانی، کە توانای کاریگەرییان تێدا دەرکەوتووە، ئاکۆشتە ناو بیرکردنەوەی چالاکی، کە بەردەوام هەما و هەماپێکراو بەرهەم دەهێنێت. لە یەك کاتیش لەناو هەموو پانتاییەکاندا کار بکات و دەستیان بێ ببات.
بەرانبەر بە ئاگایی خێم جەنگاوەرێکی مەشقکردوو و ئەهلی زیندووێتی دێ و یەکێتیی ئەشقم، پانتایی ئێستێتیکا و ئۆبازی وردبوونەوەم لە ژیانمدا هەبژاردووە، دەمەوێت بە ئاناوی نادیار زمانی تێدا هەستیار بکەم، هەستیاریی تەواوی زمانی کوردی لە شیعری کلاسیکیماندا تواوەتەوە و دەرکەوتووەتەوە. کاتێك شیعری کلاسیکی دەخوێنمەوە هەست دەکەم تەواوی زمانی کوردی ووبەووم وەستاوەتەوە. دەمباتە ناو جیهانێك، کە قسەی لەبارەی دۆزینەوە و چرکە زیندووەکانی بوون کردووە، نەك گۆڕانەوە. خەون و ناوەندی وشە: هەوێدانن بێ خێناسین. لە ماڵی گەورەی شیعردا هەموومان پێکەوە داوای شیعرییەت زمانێکی و نەرم دەکەین، ئەو داوایە وزەی گەشەکردنی کرێکیجوانی و بەرزکردنەوەی ئاستی هەقیقەتی گیانی و درامای ژیانە. نەرمیی زمان لە نەرمیی ئەو کەرەستەوە دێت، کە دەربڕینی لێ دەکات، زمان شانەیەکی زیندووی زێر قووڵە لە جەستە و پێکهاتەی مرۆڤ لە گۆڕانی دید و پەیوەندییەکاندا.
جیاییی تاقیکردنەوەی من ئەوەیە: جیهانی پارچە پارچە دەخوێقێنم و پەیوەندیی هەما و هەماپێکراویش دەپچڕێنم و دەستنیشانیان ناکەم. سەرچاوەکانی نووسین و ئاستەکانی دەنگ و تێبینیکردن و سەرنجدانم، لە جوانیی بگەرد و بێ هاوتای ژیان وەردەگرم، دەگمەن و تاقانە دەبن بە هەما و هەماپێکراو.
شیعر چەند بچێتە ناو ژیان و دنیای خودایی و هەقیقەتی ئۆژگارەوە،

هێندەی دیکە گیانی تا هەتایە پەروەردە دەکا و دەیپارێزێت و ئەفسانە و ئەفسوون لەخودی خۆیەوە بڕەو پێدەدا.
شتێك لە نووسین، کە وەك ئەزموونێك پێشکێشم کردبێت، بەکاربردنی زمانی خەونە بێ زمانی نووسین و ڕاچەنادن و چالاککردنی ناخی پێ توانایی و یادەوەری. دواجار تواندنەوەی چالاکییەکانی بیر لە هەستیاریی نووسیندا.
چامەی درێژی فرە دەنگ و ئاستدار، پێژەیەکی کامڵە و لەسەر ئاستی بوون و کرانەوەی بەردەوام ڕادەوەستێت، سروشتی دایکی هەستەکانمە، ئاسۆیەکی ئەفسانە و ئەفسوون ئاساییە، ناتوانم لێی دەربازبم، بە کامڵترین فۆرمی شیعریی دەزانم و پەیڕەوی دەکەم، لە ڕایەڵ و تانوپۆی ڕستەکانیدا توانای جووڵاندنی فرە دەنگی و فرە پەیوەندی دەسکێت. مانا و زمان دەگەڕێتەوە ئەو ئاستداریییەی هێزی نووسین ئاشکرای دەکات و دەیهێنێتە گۆڕێ. واتە: قووڵبوونەوە بە ناخی بیندراو و شەپۆلی کات و شوێن سیمای بوون.
سەنگێك هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

4

ڕوانینی گەردوونی بار و بوار بە گەشەسەندنی شیعر دەڕەخسێنێت، ببەای ببە پەیوەندیی بە شێوشی گەیاندن و فۆرمەکانییەوە نییە. خەیاڵ و ئەو ئاسۆیەی جیهانی بەهۆیەوە وێنا دەکەیت، لە دەرەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاری شیعرییەت بەڕێوە دەبەن، لە کەڵك وەرگرتن: دەست واڵا و دیموکراسین، سەرسامیی خۆشیان بە نەشونمای نوێبەخشیی گیانی ژیان ناشارنەوە.
دەتوانین لەوە دڵنیابین، کە شیعر هەموو سەنگایی ساتە وردەکانی بە تەنیا خستە سەر هەڵقوڵانی خەیاڵ، وەك بەرزایی و ناوەندی کاریگەر چووە ناوی و کرۆکی ژیانی بە هۆیەوە وێنا کرد. بگومان لە بار و بوارێك نزیك دەبینەوە، شیعری تاك دەنگی دەبێتە خۆنیشاندانێك و دەربڕین لەو بار و بوارە بەهێزەدا.
دەکرێ لە بچووکبوونەوەی دنیا لە بینینی شاشەدا، یان هەر فۆرمەکی گەیاندنەوە، شیعری فرە دەنگ لە چنین و ڕایەڵ و تانوپۆی توند و تۆڵی ببڕتە جگرەوەی خەیاڵ، وەك بەرزایی و ناوەندی کاریگەر.
لە شیعری فرە دەنگیدا خەیاڵ هەگەزی سوودبینینە، بەرزایی و ناوەندی کاریگەر نییە. نیشاندانی باوەڕ و گیانی کراوە و دەوەمەندیی ئەم شێوازە، بەئەندازەیەك لە چیرۆك و شانامە و ڕۆمان و داستان و ئەدەبی پەخشاندا بە ئاشکرایی دەگاتە لووتکەی بینین و تێگەیشتنی ڕوون.

لە شیعری دراميدا گفتوگۆ لەگەڵ هەست و ئەقڵی خوێنەر و شاکەس و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان دادەمەزرێنێت، هاوتاییەك دەدۆزێتەوە لەباری نووسیندا پەیوەندی دەکات. لە پێکهاتە و بنەمای منی شیعریدا پێکدێت و دەبیندرێت، خۆی لە منی تاکە کەسی شاعیر دەکشێتەوە، ئیتر و ئاستی شاکەس و کەسایەتییە جۆرا و جۆرەکان و چڕبوونەوەك دەگەیەنن، چڕبوونەوەی ئاراستەکراوی شاکەس و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان و واتاسازی.
زۆرێك لە شیعری ئیمڕۆماندا، لەسەر سیستمی تاکدەنگی منی شاعیر وەك هەگبەزێکی کارپێکەر بەڕێوە دەچێت، ئەم شێوازەش وەك هونەر هەرچی پێبوو بەخشی، چاوەڕوان ناکرێت هونەرێکی کاریگەری پێ ماڵبێت بە بەخشین و سەرسامی، چونکە هیچ شتێك هێوونادات قسەکەر یەك قسەکەرە و پانتایی نووسینەکەی داگیرکردووە، هەروەها بوونی شیعریش وەك شێواز و شێوە دەخاتە مەترسییەوە. لە کارایی و زیندوویی و هێز دووری دەخاتەوە، کە کارایی و زیندوویی و هێز بار و بوارێکن هەمیشە زیندووماندەکەنەوە و سەرچاوەی سەرسوڕهێنەرن.
یەکەمین کردەی هەستیارکردنی زمان، ڕستەکان بە مەبەستی گەیشتن بە چاوگە دەنگییەکان درێژ دەکاتەوە، چاوگە دەنگییەکانیش هەمیشە ئاگایی زمان تێدا دەبێتە بار و بواری ڕاستەقینەی نووسین و وزەی ترپە و ئاواز، لەم بار و بوارەیەوە هەستیاری زمان ڕوو دەدات. چەند ترپە و ئاوازێکی لێ دەبێتەوە بەناو خۆیدا دووبارە پەخش دەبێتەوە، جۆراوجۆری ترپە و ئاواز: خەسڵەت و مۆرك و ماکی ناسینی ئەم چەشنەن، پشت بە وێنەهێنانەوەی یەك لە دوای یەکیش نابەستێت، زیاتر گۆڕانەوە دەکاتە خووزانەوە و دەرکەوتن و ئاراستە وەرگرتن.
سەنگێك هەیە ناوی مۆزوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

5

دەقەکانم، ئەوانەی چاپم کردوون و ئەوانەی چاپیشم نەکردوون، هەمیشە لەسەر مۆزی کارکردن دەستیان بێ دەبەم، هەر چەند ڕستەیەکیان دەستکاری دەکەم و چەند لاپەڕەیەکیان دەخەمە سەر و چەند لاپەڕەیەکیشیان لێ لادەدەم. تا ئێستاش نەگەیشتووم بەدوا داشتنیان. ئەو هونەر و دەڕەاوکێیەی دەستکاریکردنەش لە کارکردنی بێ وچانی کاتژمێر، گواستراوەتەوە ناو بار و بواری دەروونیی شاعیریەتیی من. کاتژمێر تەکان دەدا بەرەو ناو دەقی کات. دەقی کاتیش هەمیشە ئەو چرکەیەی جوانە تێدا چاوەڕوانیت، کە هێز دەخاتە ئەو چرکەیەی بۆی دەڕوات، ڕێشتنی منیش هەمیشە بەرەو دەقی شیعرییە. هەموو شتەکانی کاریگەرییان بە نەشونمای ژیانەوە هەیە. لە زەینمدا ئامادەیان

دەکەم و دەیانکەم بە بەشێك لە چالاکییەکانی بیرکردنەوەم. دەستکاریی بەردەوامیش کارێکی دروستە بۆ نووسەری پڕ توانا و ئەزموونی پەیڕەوە، بۆ ناو پرسیارەکانی، کە بوون بەیەك جار دەستنیشان ناکەن، بەرگری و دەربڕین لە داهێنان دەکەن، چونکە هەر جارێك، کە دەستکاریی دەکات، بەو نیازە بە تەواوی ژیان لەناو دەقەکەیدا ببینێت، یان ژیان بە تەواوی بهێنێتە ناو دەقەکەیەوە و بیگەیەنێت بە ئاستی خەونی نووسین. ئەویش یەك لە مەحاڵەکانی نووسینە، نووسین هەوڵدەدات بۆ مەحاڵ، مانەوەش لەناو ئەو مەحاڵە سووربوونی نووسەرە بۆ بینینی ژیان بە تەواوی لەناو دەقی بگەرددا.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

6

شاعیر، سەر گەرمییەکانی خۆی لە سنووری بیرکردنەوە و جیهانبینییەوە دەست پێدەکات و گیان و هەستەکانی چالاکە بەگشت جوانییە هاوبەشەکان. ئاراستەی ئاڕاستەکردنی جوانییە هاوبەشەکان نییە. سادەکردنەوەیەتی، بەرپرسە بەرانبەر بەرزبوونەوە و نسکاندنی وانینی پۆ شیعرییەت و جووڵەی ئاخاوتن لە زماندا، پەیوەستیشە بەوەی پەیوەندییەکانی نێوان جوانی و فۆرمەکانی کەمەگا وەك پڕۆژەیەکی پەرەپێدان و پەرەپێدراو وەربگرێت.
کاری گوتار دامەزراندنیش لە پەیوەندییەکانەوە بکاتە وێنەیەکی ئاستەقینەی ئەزموونکراوی هەقیقەت و بەهای مرۆڤ. لە هەمان کاتدا لە تواناکانی دەربڕیندا بەرزیان بکاتەوە ناو ئایەڵ و تانوپۆی ئستە و ترپە و ئاوازی ویژدانیان، لێیەوە وەك نیشان و نیشانە پیشانیان بدات، هەروەها دەسەڵاتی هەستیاریشی بەسەر ئاشکراکردنی چارەنووسی جوانی لە شێوازی نادیاردا، پشتگیر و پاڵپشت لە بەرزبوونەوە و بەهێزکردنی و داکۆکی لە مانەوەی بکات.
تەوەرەکانی هەست و سۆز و خەون بخاتە گەڕ بۆ هێشتنەوەی بەردەوامیی چێژی گیانی. جوانی وەك هەگەزێکی چالاك و بنیادنەر، لە پێکهاتەی دەقدا بکاتە ناوەندی بەیەکگەیشتنی پەیوەندییەکان و باوەڕهێنان بە هەقیقەت و تواناکانی ژیان. بۆ واتای ئاستەقینەی لەناو دەوروبەرێکی بۆ هێز لە هێشیارییی فیکریدا، ئاکار دابڕێت. بەدواداچوونی مۆژووی گیان و ئەوانی دیکە و چاونەترسیش بەرەو ڕووی ئەم ئاکار داشتنە بکاتە ماڵی هەر هەموومان و گەوهەر و ناوکی هونەری مانا دەرنەکەوتووەکان لە چرکە زیندووە دەگمەنەکان هەداتەوە.

کردەی نووسین وەك سەرەتایەکی هەمیشەیی و خاڵە یەکتربڕەکانی کات و شوێن بپارێزێت. بە فراوانییەکی ئاستدار و کاریگەریش بانگەوازی لایەنداریی تەواوی ئابگەیەنێت، دواجار بە ئاستی بەهای مرۆڤ بیناسێنێت، بپرسێت ئەرێ ئاستداریەکانی شیعر و مرۆڤ چین، لە واقیعدا جێبەجێیان بکات و جێی پەسندی بن. تا چەند توانیویەتی جوانی و هونەر بگەیەنێتە ئاستی ژیان و درکاندن و بەهای مرۆڤ.
سەنگەك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزکێین.

7

وشە لەناو فەرهەنگدا بە یەك مانایی سنووردار و پابەندە، بار و بواری هەڵگرتنی نەماوە و چەسپاو و جێگیر و نەگۆڕە، لەسەر ئاستێکی چەسپاو و جێگیر و نەگۆڕیش پەیوەندی بێ دەستنیشان کراوە.
واتە: لەناو ژیان و بزووتنەوەی بەرەو پێشچوون کار و چالاکی لێ وەرگیراوەتەوە و خانەنشین و لا کەنارە و ئاستداری لێ وەرگیراوەتەوە.
شاعیر لە وشەکانی ناو ژیاندا دەچێتە کەشی زاڵ و ڕۆشنی خۆیەوە، وشە لە ساتێکی وردەکارانەدا لە ژیان ئەزموون دەکات. شیعریش، هێز لە خودی زمان وەردەگرێت، بەزمانی ناو ژیانیش شیعرییەتی دەژێتێ و پەیوەندییەکانی بە جیهان دەبەستێتەوە، کار و چالاکیی وشە گەرمەکانی ناو ژیان، وشە بێ هێزەکانی ناو فەرهەنگیان لە خەیاڵگەی نووسەری خود وریا دەربەدەر کردووە. هەست بە نائومێدییەکی ترسناك دەکەم لەو وشانەی لەناو فەرهەنگاندا وەنەوز دەدەن. دوای گواستنەوەیان بێ ناو ڕستەی شیعریی کتوپڕ خەوی دووبارەکردنەوەی لێ دەکەوێت. لەباری دووبارەکردنەوەشیاندا، بچووکتر دەبنەوە. دەستەواژە لەناو فەرهەنگدا خشاوەڕ و بێ ئومێدە، بەیەك مانایی دڵی داکەوتووە و فەرمەکانی کۆتایی پێهێناوە.
شاعیریش لەناو فەرهەنگدا سێ دەبێت و وێناکانی کورت دەهێنێت، نەك سەرسام. لە وشەکانی بەردەست و زەینی خۆیەوە دەست پێدەکات و ئاسۆی هاندان و فەزای زاڵ دەبێت. ڕۆشنبیرانی ئەکادیمی و فەرهەنگنووس و زمانەوان لە وشەکانی ناو فەرهەنگدا کار و چالاکییەکانیان بەرهەم دێنن. لە فەرهەنگدا ئاستی جیاکاری زمان نییە. هەموو داهێنانێکی زمان لە ئەدەبدا لە دەرەوەی فەرهەنگ ڕووەدات، دەقی نایابیش لە کرێکدا لە پەیوەندیی زمانەوە هێز و سەرکەوتن وەردەگرێت، ئاسۆیەك هاندەریەتی، ئاسۆی ئاستداری و پێکهاتە و پێکهاتن.
لەناو مۆژووی ئەدەبدا، ئەدەبێك نییە لە وشەکانی ناو فەرهەنگەوە سەرکەوتنی بە دەست هێنابێت، بێیە فەرهەنگ لای من بووە تەلیسمێکی

بکوژ، زوو خۆم لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی دەرهێنا. ژیان فەرهەنگی شیعرە، هەر شاعیرێکیش هاتا بۆ وشەکانی ناو فەرهەنگ ببات، نامۆیی و دەستەپاچەیی خۆی بە شیعر ئاشکرا دەکات. مامەڵەی لەگەڵ وشەی ئامادەکراوە، بایەخی ساتە هۆشیارییەکانی ناوەوەی خۆی لە دەست داوە. واتە: [illegible]ی بەکارهێنانەوەی لەبیرچووەتەوە و هەست بە کاریگەریبوونی ناکات. ئەگەر نووسینکی ئەدەبیش ساتە هۆشیارییەکانی ناوەوەی نووسەر، خرۆشانی تواناکان و چالاکیی نەبووبێت. دەقێکی بەتاڵە لە ئەفسانە و ئەفسوون و هۆشیاریی نووسین.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

8

وەك پرۆژەیەك مانیفێستی شیعریی خۆم ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی ئەم ڕاگەیاندنە ببێتە پاڵپشت و تیشکێ بۆ ئەزموونی شیعریم. مانیفێست و خوێندنەوەکردنەوە، پەنجەمۆر و ڕوانینی تایبەتیی نووسەرن، بە کەرەستەیەکی خەمڵیو و ئەزموونکی ڕاستەقینەوە بەرانبەر نووسین و ئاسۆی چاوەڕوانی نووسین. بۆ نووسین و گەڵاڵەکردنی، بە قووڵی سەرجەم دەقەکانی خۆم بە توانای گۆڕان لە ژیان و هونەر، هۆنایەوە ناو زەینم. لە مەودای خاڵی لاوازی، تا خاڵە سەرسوڕهێنەکانی ئەزموونم وەرگرت، بەوپەڕی هۆشمەندی جیاکاریی هەستکردن لە مەوداکانی مامەوە و تێفکریم، تا بووە پرۆژەی باش بیرکردنەوە و گفتوگۆیەکی خۆشن. بنەماکانیم لە شەوق و کاکڵە و ناخی ئەو مەودایانە دزیوەوە، کە لە واقیعی نووسیندا هۆناومەتە گۆڕ. ئەو واقیعەی چێنیشی بیر لێ دەکەمەوە و دەیجووێنم.
پێش نووسین بیر لە مانا ناکەمەوە، دوای نووسین مانا دەدزرێتەوە، هەروەها بیر و ڕاکانی ڕامگەیاندوون، هەموویان لە دەقەکاندا شوێنی ژیربڕێ و ئەو ئاماژە و نیشانانەی تێیدا بەرهەم هاتوون، ئاشکران. چارەسەری هەندێك لە هەستە [illegible]مانسیە سەرەتاییەکانیشم کردوون، هەم بە ژێر دۆ[illegible]ەی لاواز و سەرسوڕهێنەکانی کێشاون. خەونم کردووە بە فۆرمی دەستپێکردن و دووبارە گەڕانەوە بۆ واقیعێکی دامەزراوی خەونی.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

9

شیعر وەك درێژبووەوەی قۆناخی پێشتری وەرناگیرێت، لە هەندێك

هەگەزدا یەك دەگرنەوە، لە زۆر هەگەزیش تەواو ئاستیان دەكەوێتە نێوان، دژی قۆناخ و بۆباز و قوتابخانە و دابەشكردنم، دەقی داهێنەراو بەسەر تەواوی ژیاندا دابەش دەبێت.
ژیان و خوێندنەوەی هووداو و دیاردەكان بەیەك ئاراستە نایەن، بە جیاكاری بیری یاخی و كەرەستەكانی شیعری لە كەشی شۆوە گۆیندان، ئاستیش بەرەو گۆران و تێكەڵاوبوون وەردەگرن. هیچ قۆناخێكیش ناتوانێت قۆناخی پێشەخێی تەواو لەناو خۆیدا ون بكات، داهێنانەكانی لە گۆشەیەكی تەنگەبەر گەمارۆ بدات. جیاكارییەكان سروشتین. جیاكارییەكانی ئەو قۆناخ و ئەزموونانەی لە داهاتووشدا دەبنە هۆ و مایەی گفتوگۆی گۆرانكاری هەمدیس هەر سروشتی دەبن.
شیعر لە زماندا هەونەقی شیعرییەت بەدەست دەهێنێت، زمانیش بە ئاراستەی هاتنی، ئاستی گۆران و تێكەڵاوبوون وەردەگرێت.
ئایە زمانی قۆناخەكانی ژیان درێژەپێدەر و دووبارەكردنەوەی یەكن. بە جیاكاریی ئەو دەستكەوتە هونەرییانەی لە ئاكامی پەرەسەندنی بیر و پێویستییە كۆمەڵایەتی و شارستانییەكان ئەزموون كراون و دامەزراون، یان بابەت و مەبەستەكان شێوازیان دەگۆڕن و نیشانەكانی هەست پێدەكرێن. زمانی شیعر، شیعرییەت لە زمانی قۆناخێكی دیاریكراو وەرناگرێت. واتە: زمانی شاعیرێك، لە زمانی شاعیرێكی ترەوە دەست پێناكان، هەموو سەردەم و مەوداكان هادەكۆشتە ناو بازنەی بەوەچوونی خێی، هێز دەژێنێتە ناو تەكانەكانی بۆ بەكاربردن و ئاماژە ژیربژییەكان.
هیچ قۆناخێك نابیندرێت، داهێنان تاجی لەسەر هەمایەكی دڵڕی نەنابێت و ئەستێرەیەكی بەرهەم نەهێنابێت. نموونە: قۆناخی كلاسیكی تاجی داهێنانی خستە سەری: (نالی). قۆناخی یەكەمی نوێبەخشی، تاجی داهێنانی خستە سەری: (گۆران). لە قۆناخی دووەمی نوێبەخشیدا، ئاستێكی تر دێتە گۆڕێ و ناتواندرێت داهێنەرێك وەك تاك و ئەستێرە دەستنیشان بكرێت و هەموو هونەرەكانی تێدا كۆبووبێتەوە.
نموونە: هەندێك فۆرم و شێواز و گوتاری شیعریی لای: (لەتیف هەمەت) هەیە. لای: (ئەنوەر قادر محەمەد) نییە. هەندێك فۆرم و شێواز و گوتاری شیعرییش لای: (شێركۆ بێكەس) هەیە. لای ئەوانی تر نییە، یان هەندێك فۆرم و شێواز و گوتاری شیعریی لای : (فەرهاد شاكەلی) هەیە. لای هیچێكیان نییە. كەواتە: لەم قۆناخەدا فۆرم و شێواز و گوتاری شیعری پەرەی سەندووە و ئاستی كێی وەرگرتووە، تاك وەك ئەستێرە و هەمایەك وەرناگیرێت. فرە هەمایی هاتووەتە ناو داهێنانی شیعری كوردییەوە، بەڵام لە قۆناخی كلاسیكی و قۆناخی یەكەمی نوێبەخشیدا، هەموو هونەرەكان لە هەریەك لە: (نالی و گۆران)دا كۆبوونەوە. بۆیە تواندرا وەك تاك و ئەستێرە دەستنیشان بكرێن. لەگەڵ ئەمەش

قوتابخانە و قوناخ و بابەت و تەوژمـــ. تاد، لەناو دەچن. تەنیا شیعر، شیعری بگەرد. بە پلەی یەکەم دەمێنێتەوە. درێژەپێدان و مۆژوویی نین. هەندێ باری قووڵی سەرسامی تەسەوف لە شیعری ئەمڕۆ دەبیندرێن و دەربڕین لە ژیان دەکەن.
سیماکانی لە قۆناخی کلاسیکی هەونەقیان بیندراوە، وەك پێویستییەك لەمڕۆدا ئەزموون دەکرێنەوە، ئەو پێویستییە ونبوونی نوێبەخشی نییە لەناو کلاسیکدا، ئەو شتانەی لە ڕۆژ و ڕۆژگاری خۆیاندا بەرەو بە ئەدەببوون دەچن، شتەکانی لەناو کۆمەڵگادا ئەدەبن و ئەوانی تواناشیان تێدایە ببنە ئەدەب، دەقئاوێزان بە جیاکاریی، بنیادی دامەزراندنە. هەڵی هەونی هوانینەکان بخاتە باری قووڵبوونەوە و سیما هاوبەشەکان بناسێنێت. زمانی جیاکار، ترپە و ئاوازی جیاکاری لێ دەبڕێتەوە. شێوەکانی دەربڕینیش لە ترپە و ئاواز وەردەگرێت. وەك فۆرم و پێکهاتەی هستە بەندیش جیاکاریيەکان بەرەو چەندان ئاراستەی جیاکار ئامانەدەکشن و بە کارامەیی بە گەمان دەخەنەوە بۆ دوانەخستنی ژیان، کە ژیان خۆی کردەیەکی دواخراوە. خاوەن فۆرم و توانایەکی سەرسوڕهێنیشە.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکێین.

10

من چۆڕ لە سەردەمی خۆم. واتە: چرکە زیندووەکانی ئێستا وەردەگرم و بە ئاسۆ و دووریيەکی گەرم و ئاسوودەی دەزانم، ڕۆژ و ڕۆژگارەکانی تێدا بەناویەکدا دەچن و بەیەك دەگەن، خۆم فریو نادەم بە ابردوو و داهاتووەوە، ئەمە منی دوورخستەوە لەوەی شیعری خۆسوورکردنەوە و هەوێستی دروستکراو بنووسم. ئەدەبێکی بە کاکۆ و زیندوو، لە گومانی نەوونی ابردوو و داهاتووەوە بەرهەم نایەت. لەم لوردبوونەوەوە هەستم بۆ ژیان و هەبژاردنی شتەکانی دەوروبەر، پێکهێنان و شیکردنەوە هەوێستی وەرگرت. شەپۆلی هۆشیاری لە ناخمدا خۆی هەاوێشت و بەگەی ئەوەی پیشان دا، لە ناختدا پەیامبەرێك خوقاوە پێویستی بە دەربڕین و نووسینی کتێبکە بۆ هەمووان، کتێبی بۆ هەمووانی من شیعرە، شیعری بگەردیش پەیامی نییە، بەام مانا و سرووشی هەیە. واتە: هەست بکەیت شتێك هەیە و بیرت پێدەکاتەوە.
لەو خرۆشانەی خەون و واقیع و ژیان داوایان لە گیانم کرد، پێویستە کۆمان بکەیتەوە، خاڵی بەیەکگەیشتنمان شیعرە. فەزای زیندووی پەیامبەریەتی لە بوونم سکا. گەانێکی یشەیی لە وانینە سەرەتاییەکانم بەرپا بوو، بەام لە ووبەووبوونەوەیەکی گیانیی یەکەمین ئامادەبوونی نووسین لە سەلیقە و چۆڕمدا چەخماخەی دا. خۆی

وەك كاتێكى بەرجەستە لە بینین و نووسین پیشان دا. ژیان و مەرگم لەناودا كردە سەرمەشقى پایەداربوون.
سروشتى دەربڕینیش دەگەڵ، هەندێ جار واقیع و ژیان جێدەهێم و دەچمە ناو خەون. هەندێ جارى دیكەش خەون جێدەهێم و دەچمە ناو چركە زیندووەكانى واقیع و ژیان. ئەم جۆگەكردنە بیركردنەوە و گفتوگۆ و بینین و دەروونم ئازاد دەكەن و دەچمە ناو كەشى نووسین. واتە: دڵزینەوەى واقیعى نووسین. نووسینیش لە هەموو شوێنكدا هەیە، لە هەندێك شوێندا بەڕوونى و سادەیى، لە هەندێ شوێنى تردا بە نیمچە ڕوونى، لە هەندێ شوێنى تریشدا بە شاراوەیى. تا لە بڕشاییەكانیش پێویستە شاعیربم، لە مردنیشدا وەڵامى پێداویستییە شیعرییەكان بدەمەوە. سوپاس بۆ خودا چارەنووسى لەدایكبوونم لە وڵاتێكدا بووە، شیعرى تێدا شتێكى جەوهەرى و خۆشەویستە.
سەنگێك هەیە ناوى مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەكوێنێت، بۆى دەردەكەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێكێین.

11

نووسین لەبارەى دەقەكانم ڕەخنەگراون، ئایە بوونەتە هۆیەك لە دید و دیدگایانەوە بە خۆمدا بچمەوە، ڕەخنە ئامرازێكە بۆ باش تێگەیشتن لە ئەدەب، جارە سەرلەشێوانێك بۆ خوێنەر بەدى ناهێنێت. سەربەخۆیى دەق و خوێنەر گرینگە، كردەیەكى شارستانى و زانستییە، ڕەشنبیر سەداسەد خۆشحاڵە پێى، بەڵام لەو ڕەخنانەى وەك مەبەست ڕایدەكێشمە ناو ئەو نووسینەوە یەكێكیانم بۆ دەستنیشان نەكرا پسپۆڕانە لەناو دەقێكم بە پڕۆگرامێكى ئەكادیمى، یان خەیاڵێكى داهێنەرانە كارى كردبێت و بەشێك لە كردەى ڕەخنەیى لەناو خۆیدا هەڵگرتبێت. كەم ئەزموونى و كەم و كورتیى دەقى منى خستبێتە بەردەم كەمەڵك نیشانەوە، یان خوێنەرى خستبێتە خوێندنەوەیەكى تایبەتییەوە، كە پشت بە میتۆدەكانى ڕەخنەگر ببەستێت.
ئەو دیاردانە وامان لێ دەكەن بپرسین، ئەڕێ ئەم نووسینانە بۆ ڕەخنەخرێن. هەقیقەت لە كۆیە. ئایە هیچ لەو نووسەرانەى، كە ڕەشنبیرىى خۆیان ئامادەیى لە نووسینە ڕەخنەكراوەكەدا نەبینیوە، توانیویانە پەیوەندییەكانى نێوان دەقەكانم بخوێننەوە و خۆیان تێیدا ئامادە بكەن بۆ كارێكى زانستییانە، كە توانای مانەوەى هەبێت، خاڵێك، یان چەند خاڵێكى قەناعەت پێكەر بخاتە ناو گفتوگۆوە، كە مەترسى بێت بۆ ئەو بیرۆا هونەرییانەى من پشكۆشم كردوون، ئاراستە و بۆاى ئەدەبیى منیان پێكهێناوە.
ڕەخنەگرانى ئەكادیمى و خەیاڵ داهێنەریش، توانیویانە پانتاییەكى هەمیشە ئامادەى ئەزموونم پیشان بدەن. هەستیارییەكى قووڵى تێدابێت

لەناوی ئاسوودە بیر بکەمەوە و پەیوەست بم بە خەونی نووسین. هەمیشە بۆوایەکی پتەویشم بە جیهانی منداڵییەوە هەیە. ئەو هەستە پاکەی لە گیانی منداڵیەتی پەروەردە کراوە. هەمان هەستی پاکیش لە سروشتدا دەجووڵێت. منداڵی و سروشت ناوەندێکن لە هەموو لایەکەوە بۆیان دەچم.
لە پەیوەندییە برادەرییەکانم بە هەموو هەستەکانمەوە ڕۆژ لەبەرانبەر دەگرم، کەچی زوو لەوە حاڵی دەبم بەرانبەر پۆویستە وەک گوزەکی پووچ لە لژایيدا فڕێ بدرێت. چۆنکە پشت و پێش و تەنیشتی خۆی دەبینێت. خاوەنی بینین و مەودایەکی بەشوماریشە. بە پێچەوانەی چۆنکە یەک ئاراستەی بینینم بۆ ژیان هەیە. ئاراستەی بینینی هەقیقەت و بەرزایی ڕۆشنبیری و داهێنان، پەیوەیشی دەکەم. چ زیانێکیش بەو هەیەوە پێم بگات پێی زەرەرمەند نابم.
دیاردەی بۆزراو لە ئەزموونی شاعیریەتیی من بیندراوە، هەبووە بە نووسینەک بردوومیەتە کەشکەڵان، دوای ماوەیەکی ئێجگار کورتیش هەر خودی هەمان کەسی خاوەن ئاراستەی کەشکەڵان، بوونی ئەدەبیمی ڕەت کردووەتەوە، کە ئەو ماوە ئێجگار کورتە ناتواندرێت وەک گۆڕان و ئەزموون لە دید و دیدگا تەماشا بکرێت.
ئەگەر نووسەر خۆی لە ئەنجامی ئەزموون و کارکردنی لەناو ئاماژە ئەدەبییەکاندا گەیشتبێت بەو دوو ئاراستەیەی کارکردنە و هاتبێتە سەر ڕۆشنایی باوەڕەک، وەک ئاکامی وەرچەرخانێک بیر لە ئاستەکان دەکەمەوە و پێی خۆشحاڵ دەبم. ئەگەر مایەی سوودوەرگرتن بێت، سوودیشی لێ وەردەگرم، بەڵام ئەگەر لەژێر چاووونی و ڕازیکردنی دژەکانم ئەو هەگەڵانەوەیەی کردبێتە داو و هەڕەک و کردەی نووسینی بەدوادا ببات، لەوانەیە بتوانێت لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا بە چەند ئاراستەیەکی دیکەشدا کێش و نیشانە و ئاراستەکردن وەربگرێت. کاری ڕەخنەگر لەسەر ئەم پایە دەوەستێت سەنگی ئەدەب لە ڕۆشنبیریی کوردیدا دەربخات. هەندێک نووسین لە ئاستی هەرە بەرز ڕایانگرتووم. بۆگومان ئەمەیان زۆدەڕۆیی تێدایە. هەشە بە شێوەیەک دایپۆسیوم لە نزمترین ئاستی ئەدەبی دیاریکراوی کردووم. ئەمەشیان بۆگومان ونکردنی ڕۆشنبیریی تێدایە.
خۆشم لەو دوو بەرەی دژ بەیەکە باش حاڵیم، داهێنان لەو پاداشتە نییە، کە لە ڕەخنەگر، یان هێزی باڵادەستی سیاسی وەردەگیرێت. خورپەی دڵ فەرمانەوایی بەردەوامیی داهێنانە. دیاریيەکە خودا و زمان ئەو خورپەی دڵەمان دەدەنێ و ئاشکرای دەکەن.
هیچ ڕستەیەک لەبارەی نووسینێک نامدرەوشێنێتەوە، ئەگەر هەست و دەروونی نووسەرەکەی تێیدا ئازاد نەبێت، تا سەر ئێسکان گیر بخوات لە خۆقاندنی دوو دیوی و کلکایەتی، لەگەڵ هەموو نووسینێکدام،

تەنیا لەگەڵ ئەو نووسینەدا نیم ڵك و بۆغز و تاکتیکی سیاسەت تێیدا دەستەڵاتدار بێت. ئەو نووسینانە هۆشیاریی هەڵخەڵیان تێدا بەکار نایەت. زیاتر چاودێریی نووسین و هەڵکووتانە سەر و پەلاماردانن. ئەم جۆرە هەڵتکردنەوانەش تەنیا شکست بە خاوەنەکەی تێمار دەکەن. شکستییەکەش دەبێتە بابەتی لادانی هەڵخەڵە لە میتۆدە هەڵخەڵییەکان و ئەم و ئەو ڵازیکردن لەسەر هەڵنجی ئەو دەقانەی خاوەنی هەقیقیترین بنەمای شیعرییەتن.

هەندێك لە نووسینی بڕزراو، یەك لەوانە لە ژمارە(126)ی هەفتەنامەی: (پاشکۆی عێراق–28/2/1990)، بەناونیشانی: (عاجباتی هەشتەم لە جیهانی ئەدەبی کوردی)، بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە ئاماژەیان بەو وێنە شیعرییە: (شەمەندەفەر گوڵەبەڕۆژەی مێژوو دەکرتێنێت) داوە.

لە ئایندەشدا گاڵتەکردن بە ئەزموونی سەرکێشان بەردەوام دەبێت. پێش منیش گاڵتە بە ئەزموونی سەرکێشانی دی کراون، دواتریش بوونەتە هۆمایەکی ڕوون و زۆر دڕەوشاوە. نموونە: گۆران، کە توانیویەتی سیمای داهێنانی تاقانەی خۆی دەربخات، چووەتە ناو هەندێك کێڵ و کێمە، نیمچە ڕۆشنبیری کەم ئەزموون و ناڕۆشن بە: (هەلوور بەلوور تەکامە- زەرد و سوور و شەمامە) تانەیان لێداوە. لەبەر ئەوەی شیعری لە دەرەوەی ژیان دەرهێنا و کردی بە ژیان، ئاسێ و دووری و پانتاییەکیشی بێ خوێنەری نموونەیی جێهێشت. ئەم دەربڕینەیان وەك بەهانەیەك دەهێنایەوە، کە لەسەر ئەم کێشە خەماڵییە سیماکانی شیعری کوردی دەرخستووە و بە کارامەیی و وردی هەوڵی تێگەیشتنی کێشە خەماڵییەکانی داوە، من لێرەدا سەرنجەکانم دەرخستووە و لێم نەکۆڵیوەتەوە. واتە: ئەم دەڕبڕینەم تەنیا بێ ڕوونکردنەوەیە . بەهەرحاڵ ئەڕ ئەو ڕێزدارانە کێ بوون و لە مێژوودا چییان پێکرا. لەمێژدا ئێمەمانان چەندیان دەناسین، وەك هەگ و سەرچاوەی چڕبەخش پەیوەندییە نادیارەکانی خەیاڵکردن و بیرکردنەوەمان لێك ئاشکرا بکەن. لە لێکجیابوونەوە و پێکەوەبوونیانیش هاوگونجانێك نیشان بدەن، یان لە پانۆرامای داهێنان لە کۆندەر دەستنیشانیان بکەین. ئەوانەی هەقیقەتی داهێنانی مەزنیان زانیوە ئەوە دەزانن، کە (گۆران) توانی دیوانی نوێبەخشی شیعری کوردی بنووسێت، لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار پێگە و ناوبانگ و شاعیرییەتی زیاتر بدرەوشێتەوە لەوەی، کە خۆی لە ژیاندا مابوو، هەیبوو. کەواتە: بەرهەمهێنانی شیعری بێگەرد ئەفسانە و ئەفسوونی هەموو سەردەمەکان و بەگەڕخەری هەزی ژیانە. لێکدانەوەی شیعر، یەك لەو گوناهانەیە، کە لێڕشبوونی بێ نییە، لە لەدەستدانی ئەزموونی ئێستێتیکای بەشێك لە نووسینی کوردی، لە لێکدانەوەی ئەم وێنە شیعرییەم، بەدێ داوای بووردن لە

گیانی بەهێزی ئەم گوناهە دەکەم، هەنگە خوێنەر هەندێك جار تێگەیشتنی بۆ دەق بگاتە ئاستی تێگەیشتنی نووسەرەکە و قووڵتریش بچێت.
دەقی من کەم تا زۆرێك هۆشیارییەکی جیاکاری هێناوەتە گۆڕێ و لەناو کولتووری کوردییەوە هاتووەتە بەرهەم، هەنگە هۆیەکەشی ئەوەبێت ویستبێتم لەناو ئەم کولتوورەدا هەوڵ بۆ خۆبوونی خۆم بدەم. ئەم وێنەیەش بەرهەمی بیری گەرمی منە، خەیاڵی شاعیرییەتیم لە هێنانە پێشەوەی منداڵی تاقی کردووەتەوە.
یەك لە جەژنەکانی حەفتایەکان، جەژنانەکانم پەنجا فلس بوو، لەگەڵ یەك لە کۆەکانی مامم چووین پەنجا فلسەکەمان خستە سەر هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر بەو نیازەی، کە بەسەریدا بڕوات پەنجا فلسەکە گەورە دەبێت و فڕمی سەد فلسی وەردەگرێت. بە ئەنجامی ئەو کرداڕە دەتوانین چێژ زیاتر لە جەژن وەربگرین. کەچی بە شێوەیەکی وا هەردوو دیوی پەنجا فلسەکەی سڕییەوە شوێنەوار و نیشانەی پارەی پێوە دیار نەما. جا شەمەندەفەر لە چێژی جەژنێك بێبەشی کردووم و چێژی ساتێك لە منداڵیی کوشتووم و نەفەسبڕ دنیای ئەفسووناوی دەستکاری کردم.
لەم وێنەیەدا سڕینەوەکەم وەك کاردانەوەیەك کار پێکردووە و جووڵاندوومە. بەڵای زۆرێك شەمەندەفەر هێی گەیاندن و گەشت و خۆشحاڵی و بڕاچەی ئاواتە، بەڵام لە دید و دیدگای ئەو کاتی من وەك دڵندەیەکی ترسناك تەماشا دەکرا، هەروەها وەك وێنەیەکی ڕووبەڕووبوونەوە و گرژبوون بەکار براوە. شەمەندەفەر هاوتا کراوە بە کەسایەتیی دیکتاتۆر و جووڵێندراوە، کە نەشونماکردنی ژیان و زمان و نیشانە دەستەتەوە و دەوروبەرێکی نالەبار و بەربەستە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن.
هێزی خود لەم وێنەیەدا دەسەڵاتدارە، دەقئاوێزانییەکی نیشانە ناسیشم لە نێوان هێزی نووسین و هێشمەندیی کەمەگادا دڕیوەتەوە. دڕینەوەی ئەم دەقئاوێزانییە لە کێشی ڕەخنەنووسێك نییە، کە خاوەنی پرۆژەی دڕینەوە نەبێت.
کات و شوێن و هێما و هێزی خودی چالاك لە دەربڕینەکانمدا وێنەیان زۆرە، بەڵام تا بڕێی پێ سرووشی هەمەچەشنی مرۆڤ و شێوە و شێوازی تەقینەوەی خۆرا.
لەبارخراپیی کێشە و گرفتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەندێك لە نەوەی پێش خۆم و نەوەی دوای خۆمی گوڕایەیان، بەهەوێی گرووپێکی لێك نزیك، نووسینم لەبارە ڕێکدەخەن. بە ئاشکراش کار بۆ ئەم هاوکارییەیان دەکەن. گرووپ دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری خۆایەتییە، بەهەمان جۆر و دەستووری سەلەفییانە بەڕێوە دەچێت. هەر

خەوندیدەیەك ئەفسانە و ئەفسوون و ناوەندێکی زاڵ و کاریگەرە لە نووسیندا، ئەو ئەقڵییەتە کۆنخوازانەی بڕوایان بە بیرکردنەوەی ئەوی دی نییە. ترسی هەڕەشانەوە وەك عەلیشیشی گیقبووەوە دەیانباتەوە ناو قەبارەی سروشتیی خۆیان. کەواتە: دژایەتیکردنەکە بە سروشتی و تەمارکردنی ناکۆکیی ئەوی دی وەردەگرم. نووسەر بینینی ژیان و سەیری دنیاکردنی، بووە کۆنترۆڵکردنی ئەوی دی، لەگەڵ دەروون و بیرکردنەوەی خۆی گەییوەتە کۆتاییەکی بڕاوزراو. نووسەرێکیش لەگەڵ خودی خۆی گەیشتە کۆتایی، گوێنەتەڵە و چەنەباز و منگەمنگکار و دەعبای پەلوپۆ شکاو و مردەخە، پڕویستە بچێت داوا بکات لە خانەی پیر و پەککەوتووەکان ناونووس بکرێت. بگرەوبەردەم لەگەڵ ئەوی دی نییە، بینینی ژیان و سەیری دنیاکردنم لەگەڵ دەروون و بیرکردنەوەی خۆمدا، هەمیشە لە ئەزموون و نیشانە ناسیدایە. گرووپ دەستکردی دەسەڵات و هێزی باڵا دەستی سیاسییە. کار پێکردنیشی بە نیازی ڕۆ پێ بزرکردن و دووچاری گرفتکردنی ئەوی دی، خۆی ترسێکی کەمەرشکێنە لە ئەزموونی پێ شایەن بە ئاماژە، باوەڕ پتەویشم بەهێزی خەونبینیم بێ نوێبەخشی، وا دەبینم یەك یەك دەگلێن و ڕووبەڕووی داهێنان شەرمەزار و چاو بەرەوژێر دەبن. خاوەن پڕۆژەش دەبێت بە خاوەنی ئەو سەروەرییە بێدەنگەی کە دەقە، هەروەها جیاکاریی نەوە جیاکارەکانیش بە دیاردەیەکی تەندروست دەزانم و ڕێزی لێ دەنێم، بەڵام بڕز لەو بارە ناسروشتییە دەکەمەوە لەسەر بنیادی ڕوانین دروستی ناکەن و ئیرەیی و حوکمی پێشینەی بێ سوود بەڕێوەی دەبات. بە هیچ جۆرێکیش بیرم لەوە نەکردووەتەوە هێڵی هاوبەشی خۆم لە شیعری کوردیدا جیا بکەمەوە، بەڵام هەردەم ئەو بیرکردنەوەیە دەمخواتەوە، کە هەنگاوێکی چوست و بنچینەیی دیکەبم لە ئەزموونی قەناعەت پێهاتووی خۆم. لە هەموو ناوەندێکی بە گۆچەیش دوور دەکەومەوە، سەرگەرمی بەدیهێنانی خەونی نووسین دەبم، جۆشکی خۆسك و لەخۆوە و باشم بێ خوێندنەوە و نووسین لا پەیدا بووە. لەگەڵ ئەمەش: سەرجەم ئەزموونی هیچ شاعیرێکی کوردم بەدڵ نەبووە، بەڵام شیعری تاك تاك و هەبژاردەم بەدڵ بووە و ماچم کردووە. ئەم بارەی خۆم بێ ئەزموونی ئەوانی دی، بەهەمان چەشنیش لای ئەوانی دی بێ ئەزموونی خۆم بە هەوا دەزانم.

لە سەرجەم دەقەکانیشدا ئاراستەیەکی خەونیم، یان نیمچە خەونیم دەربڕیوە، خەون سرووش و سروشتی پێغەمبەرانە، خودا دەیدات بە کەسی پەیامدار. من وەك کەسایەتی، خەونێکم لە شیعرەوە بەرهەمهاتووم، خەونیش هادەگەیەنم. نادیاریيەك لە خەوندا هەموو گەمارۆکانی شکاندووە، نووسین هاوی ئەو نادیارییەیە. خەون درەوشانەوەی واقیعە، زمان لە دەقی خەونیدا ئامرازی گەیاندن نییە، ئامرازی

سرووش و چالاکیی وێنه و ناسینی هەنگەکانە. ئاسانە بگەیت بە ئەوی دی، بەڵام ئاسان نییە بگەیت بە خودی وریای خۆت، کە گەیشتی بە خودی وریای خۆت، دەرەوە و ئەوی دی بەلاتەوە دەبنە شتێکی لاوەکی، یان زۆر لاوەکی. گەیشتووم بەو قەناعەتە هەمەیە، تەمەن و کات هەر هێندە بار و بوار و ماوەم دەدەن بزانم من چیم لە ژیان دەوێت، بە گرینگیشی نازانم، بزانم دەرەوە و ئەوی دی چییان لە من دەوێت.
ئیلتیزامم بە بۆا هونەرییەکانی خەمەوە هەیە، کولتووری نیمچە تایبەت بە خۆشم هەبژاردووە و کاری پێدەکەم. هەستیش دەکەم کەمەگای ئەمە چووەتە ناو نەریت و ئابردووەوە، پێویستە دەربهێندرێت، مانەوەی توانا و ئەزموونی هەبدەبزێکنێت و زیان بە گەشەسەندنی دەگەیەنێ و خەمێنی دوا دەخات.
لەو هەموو گێچەڵانەی پێم کراون، تەنیا وەك نموونە و ڕوونکردنەوە: تیشکێك لە یەکێیان وەردەگرم و مەودایەك دادەمەزرێنم: لە 6/3/1985 لە هۆی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر، یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ کەمەڵك شاعیر ڕێکخست، ڕێکخەر و کۆڕگێر: (محەمەد خدر مەولوود) بوو، من بەشی پێنجەمی (زۆوان)م خوێندەوە. کۆپلەیەك لەم بەشەی خوێندمەوە ئەمەیە:
(من کەوتنی خەم خۆش دەوێ
باوەشمی تۆوەردێنم) زۆوان: ل41
کۆڕگێ بەم کۆپلەیە کاریگەر بوو. تاسەی بەردەوامیشی بۆی هەبوو، هەر چەند جارێك یەکتریمان دەبینی باسی ئەم کۆپلەیەی دەکرد. ویستی کۆچیرێکێك چاپ بکات. داوای لێ کردم ئەم کۆپلەیە وەك کلیل بەکار بهێنێت و ناونیشانی کۆچیرێکەکەی بکاتە (کەوتن)، لە کاتێکدا ئامادەبوو هەموو دەربڕینی ڕۆحی خۆی لەژێر کۆپلەیەکی زۆواندا ناودێر بکات. دواتر ساردییەك کەوتە نێوانمان و زۆوانیش وەك کتێب چاپکرا. لە ژمارە (15)ی ڕۆژنامەی: (ئاسۆ – 14/11/1989)، نووسینێکی لەبارەی زۆواندا نووسی بەناونیشانی: (دەقی مردوو: زۆوان= جل و بەرگ=.)، کارێکی بە زۆوان کرد، مەگەر هەشبا بە داری بەری کردبێت.
سەنگێك هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

شێوازی خوێندنەوە بەشێك لە بەهای چێژی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، سەرەنجام ئەم گواستنەوەی چێژەش دەبێتە بەشێك لە ڕۆشنبیریی گوێگر. شیعر وەك دەق، شیعر وەك شێوازی خوێندنەوە. دوو یەکەن لە یەك

سەرچاوەوە پەرەیان نەگرتووە.
وەك دەق دەسەڵاتی جوانی و بیرکردنەوە لە چۆڕدا دروست دەکات.
وەك شێوازی خوێندنەوەش، دەنگ و جووڵە و ئاوازی پیت و هێماکانی دەست و ڕوخسار، هتد.ی جوانی و بیرکردنەوە دەگۆڕن و دروستی دەکەن.
ئەزموونی شیعر خوێندنەوەی ناو هۆڵ و بەر میکرۆفۆنم هەیە، بەڵام شێوازی خوێندنەوە و دەنگ و جووڵە و ئاوازی پیت و هێماکانی دەست و ڕوخسارم پەیوەندیی خۆی لەگەڵ گوێگر نادۆزێتەوە، نەتوانینی گواستنەوەی مانا و جوانی لە نائاگاییم دەجووڵێت و مەوداکانی بیرکردنەوەی خۆم لەگەڵ مەوداکانی چۆڕی گوێگر سەرچاوەکانیان تا ڕادە و ئاستی ژانە ناوپەك لێك نزیك نابێتەوە.
لە 15/9/1985: (دەزگای ڕۆشنبیری و باڵاوکردنەوەی کوردی) نووسینگەی هەولێر، کە: (مەحموود زامدار) بەرپرسی بوو، کۆپیکی شیعر خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵێك شاعیر لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر ڕێکخست، من شیعری: (دابارین)م تێدا خوێندەوە. (حوسێن عارف) سەرنووسەری گۆڤاری (کاروان) بوو، دوای تەواوبوونی کۆپەکە ئەم گەورەییەی نواند و بە بزەیەکی باوکانەوە شیعرەکەی لێ وەرگرتم و لە ژمارە (43) گۆڤاری کاروانیدا باڵاوی کردەوە.
ئامۆژگاریشی کردم، شێوازی شیعر خوێندنەوەم باش نییە. ئەم ئارەزووە لەناخی خۆم بمرێنم، کە لەبەر میکرۆفۆن دەربکەوم و بناسرێم. پێی گوتم: میکرۆفۆن بۆ گۆرانیبێژ سەکۆی تاقیکردنەوە و خۆپێشکێشکردنە، تۆ شاعیری و بەرەو شیعری جیهانبینی دەڕۆی. لەم چوار شاعیرەی تر، کە شعریان خوێندەوە جیابووی. لەم بار و بوارەدا زمان و شێوازت بە هونەری جێراوجێری قووڵبوونەوە دەوڵەمەندبکە. دوای ئەم گەورەیی نواندنەی هەمیشە وەك داهێنەرێك و مرۆڤێکی گەورە تەماشام کردووە و ڕێز و شکۆیەك لە نێوانمان بەردەوامی هەیە.
شیعر شوێنی ڕاستەقینەی گرتووە. چۆبوونەوەی چۆڕی کۆمەڵگای کوردیش لە شیعردا بووەتە ناوەند. هیچ هونەرێکی دی هێندەی ئەم بەشە پەروەردەی چۆڕی کۆمەڵگای نەکردووە. هەندێك خورپەی بزربووی ناخ هەن، هەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی نایدۆزنەوە. تەنیا شیعر لەباری درەوشانەوەیدا دەتوانێت بیاندۆزێتەوە. نووسین و هونەر ئاراستەیان بەرەو ژیان و چۆڕە، بەڵام کردەی داهێنانی پەتی، ستایشی ژیان نییە لە پێناوی چۆڕدا، تەوانینی نوێ لەبارەی ژیان و چۆڕ دەخوڵقێنێ و دەیکاتە قەناعەتی مرۆڤی نوێبەخش و بەخشندەش ئازەکان دەدۆزێتەوە.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

به هیچ شێوەیەك بڕوام بە تێپەڕاندن نییە، بگرە بڕوام بەگۆڕان و جیهانبینیی جیاکار هەیە. تا ئێستاش نەمتوانیوە بڕوا بەوە بهێنم: (نالی)، (بابا تاهیر)ی تێپەڕ کردووە، هەروەها: (گۆران) جەستەی شیعری کلاسیکی بەتەواوی جێهێشتاوە. ئێمە مانیش خاڵی جیابوونەوەی هەمان لەگەڵ نەوەی پێش خۆماندا نابێت. دەقئاوەزانییەکی بەهێز لە نێوان هەموو نەوەکاندا ئاشکرایە و لەوانەی دوای ئێمە مانیش بەردەوامی دەمێنێت. وا دەبینم هەر گۆڕ و گۆڕگارێك جیهانبینیی خۆی بەسەر کەسی خاوەن جیهانبینیی گۆشکار و هاوماری هەمەچەشن دەسەپێنێ. وەك چۆن هەموو وەرزێك بە فراوانی سەیری ئاو و هەوای تایبەت بەخۆی دەکات و دەیسەپێنێتیش، ئەم ئاو و هەوایەش کەم و زۆرێك کاریگەری بە بارستی خۆی بەسەر نەشونمای درەختەکان جێدەهێڵێت. ئەوەی تێبینیم کردووە نەوەی پێش ئێمە ستوونی ژیانیان هێنایە ناو شیعر و ئەزموونیان کرد. ئێمە ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی ژیان و خەیاڵ و خەونمان هێنایە ناو شیعر و فراوانتر ئەزموونمان کرد و درەوشاوە و دەوڵەمەندتر ناساندمان.
نەوەی دوای ئێمەش کێمەڵێك جیهانبینیی زیاد دەکەنە سەر قۆناخی شیعری ئێمە. ئەمە یاسای ژیانە و دەبێت قبووڵمان بێت. قبووڵکردنی ئەم هەقیقەتە ناوەندێکی چەسپاوە لە بڕوابەخۆبوون و هەقیقەت بینین و دیاردەکانی پەیوەندیدار بە چییەتی بوونەوە.
پڕۆژەی تێپەڕاندنم نییە، زیاتر خەوندیدەی پێکهێنانی هێڵ و هاوماکانی خۆم، شیعرییەت سیمای ڕووتی گشت نەوەکانە و شانەیەکی زیندووی زۆر قووڵە لە جەستە و پێکهاتەی مرۆڤدا.
دەقئاوەزانی دەتگەیەنێت بە فۆرمی گۆشنبیری و بیرکردنەوەی چالاك و دەتدرەوشێنێتەوە. ئەگەر گۆشنبیرییەك دەقئاوەزانی لەگەڵ گیانی بەهێزی گۆشنبیریی دنیا نەهێنێتە ئاستی هەست پێکردن، نەیتوانیوە لە پەیوەندی و گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ئەوانی دیکەدا، ببێتە کەسایەتییەك: بتوانێت زانستی ژیان کێ بکاتەوە. گۆشنبیرییەکیش نەتوانێت ببێتە کەسایەتییەك. زانستی ژیان کێ بکاتەوە، لەناو گۆشنبیریی دنیادا خەیاڵی باش بەدەوە نەچووە.
لە بەرزبوونەوەی هێڵی هونەری دەتوانێت لەناو گۆشنبیریی دنیا نیشتەجێ بێت و لە گەڵان بێ بنەڕەتیش چالاك و بەرهەمدار بێت، خەسڵەت و ئاسۆی خۆبوونی بدزێتەوە. چرکەساتی ئاسۆی خۆبوونیش، چرکەساتێکی گەرم و ئاسوودە و چڕە لە ژیاندا.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵ دەبین و چەندیشمان هەدەبزکێین.

14

لە دامەزراندنی هەر دەقەکم، مژووویەك تەماركراوە، بۆی بوام بەوە هەبێت نووسین هەڵچوون و کاتی تایبەتییە، یان بەهرە و سرووش ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بەشدار و هاوکارم بن لە نووسینی بەشە پێکهێنەرەکانی دەق. لەو تەمەنەی نووسینمدا، کە نزیکە چارەگە سەدەیەکە بەکامی دڵ لەناو سنووورەکانی لە هاتوچۆدام، ژیان هاندەر و هەڵکاربووە بۆ وزەی خوێشان. ئاوی چەند دەقەکم کردوون، ئەوانەی نووسیویشمن هێشتان لە نووسینیان تەواو نەبووینە و نەگەیشتووم بەدوا داهێشتنیان. بواشم وایە بەهرە و سرووش کار لە ئامادەبوونی نووسەر دەکەن بۆ کەشی خوێشان، بەڵام وەك هاندەر و هەڵکار و خورپەیەکی شاراوە نەك شتێکی بنەڕەتی و تەواوکەری بنیادی بەردەوامیی نووسین، لە نووسیندا زیاتر تۆاماان و خەون و ئێستێتیکای ویژدانی، بە پلەی یەکەم کاریگەری و بەشداریی بەردەوامیم دەدەن. ناخی وریام ئامادەی بنیادی بەردەوامیی نووسین دەکەن.

سەرەتاکانی نووسین لە هۆشیاری و یاداشت و خەونمدا ئامادە دەبێت. چاوەڕوانی کەشی نووسین دەکات. لەوانەیە ئەم کەشە چڕبەخشە شکۆ و بەهرە و سرووشی نووسین بێت و بنەماکانی بەدیوە ببات، کە ژیان و سروشت و دڵبەر وەك تێیەکی گەردوونی ببینێ و مامەڵەی ئێستێتیکی لەگەڵدا بکات. تا ئادەیەکی زۆر باش نووسین پێویستی بە ژیری هەیە، تا دەستت بەسەر ئامرازە هونەرییەکانیدا بشکێت، ئەفسانە و ئەفسوونی نووسین بەهۆی بەهرەیەکی پەروەردەکراودا بەجێ بهێنێت.

سەنگێك هەیە ناوی مژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

15

لەناوەوەی خۆم، بە بڕچوون و تێگەیشتنی زاهیدێك ژیانم هەبژاردووە و بە چاوی دەمار و خوێن و پشت سەیری تەواوی شیعری کوردی دەکەم، شیعری: زمان و ئێستێتیکی و مرۆڤدۆستانەشم خۆشدەوێت، شیعر وەك توانا و ئەزموون هەڵگری وزەی ژیانە. لەناو شیعریشدا ژیان دووچاری نەسرەوتن و هەندێك جەنگی پێویستی کردووم. بوێریەکانی ووبەووبوونەوە بەرانبەر ئەو مەترسیانەی لە لەناوچوونداە دەبن بە هەست، کتێبی دەگمەنن. هەوێ دەدەم تێیان بگەم، دواجاریش بیاننووسم، ئەو ژیانەم لا جوان و پەسندە، هەست و خەون لەناو دەقی شیعریدا دەیکەنە ئاماژە و ئاخاوتن. لە ئاخاوتندا لە خاڵی هاوبەش نزیك دەبینەوە، یان دەگەین بە وەهامێك بۆ ئاخاوتن. خەون و یادەوەری لە سێبەریدا بە یەکتری دەگەن و دەبن بە واقیعێك لە

واقیعەکانی بوون. لە ڕوان پەسندکردن و هەتکردنەوەی خوێنەرانی هۆشیار و خوێنەرانی ئاساییدا، نووسین لەکۆ خۆی دەدزێتەوە. جیاکاریی ڕوان خوێنەری زۆر و جەماوەر ئاشکرایە. قۆناخی شیعری کلاسیکی کوردی پێ خوێنەرە، بەڵام جەماوەری نییە.
ئەو مشتومڕە لە نهێنیی ئەو دەقانەدا بە دەست دەکەوێت، وەك سەرچاوەی چێژبەخش پێویستمان بەخوێندنەوەیانە. پەیوەندییەکی دڵخۆشکەریان لەگەڵ مووچڕك و تەزوو و خورپەی شاراوەی ناخ پێکهێناوە.
من یەك بەباری خۆم، کە پەستی دامدەگرێت و لە هەموو دنیا بێ ئومێد دەبم پەنا بۆ دیوانی: مەحوی، یان دیوانی: حاجی قادری کۆیی، یان دیوانی: گۆران، یان دیوانی: دیلان، یان دیوانی: ئەحمەد تاقانە... تاد، دەبەم. لە شیعری کوردیدا ئەمانە نموونەی دەگمەنن. ئامادەم دەکەنەوە بۆ گرینگیدان بە هەموو بوارەکانی ژیان، یان دەگەمەفۆرمی گەیشتن بە هەموو شتەکان و ناخی خۆم. هەر هەموو ئاستەکیش ڕوز لە ژیان دەنێت و هەوڵی بەرەو پێشەوە بردن و گەشەسەندن و بیرکردنەوەی باشتر دەدات، هەریەکیش بە تێگەیشتنی خۆی چێژی لێ وەردەگرێت. نووسەریش لەسەر بنەما و فراوانبوونی مەوداکانی زمان و هۆشتنەوەی بە زیندووێتی ئەو متمانەیەی دەبێتە خەونێکی بەدیهاتوو، لە خەونەوەش دەست پێدەکاتەوە. من خەونم هەیە، لە خەونەکانمدا دەست پێدەکەمەوە و دەچمە ناو مەوداکانی بیرکردنەوە و نووسین.
سەنگێك هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵ دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

16

وشەی: خەون و منداڵی و مردن، بێئاگاییم دەجووڵێنن و لام دووبارە دەبنەوە، دەبێت لە پەرەسەندنی خۆیاندا قسەم لەبارەیانەوە هەبێت و چوارچێوەیەکیان بۆ بگرم، فەزا و هەگەزی ئەم وشانە دیدگای منیان دیل نەکردووە، زیاتر بەلای خۆیاندا بەکشیان کردووم. لەناو منداهەگیان وریایە و بەگەشەکردنم ناساندوون، کەشوهەوان بۆ ئەزموونی خەونیم، لە شیعردا ئیلتیزامم بە فەزای بوونەوە هەیە، نەك فەزا و هەگەزی هاندەر و هۆکار. بوون لە دەقدا دەبێتە شەپۆلی مانا و جوانی و شیعرییەت. شیعری من مەبەستی مێژوویی تێدا نییە. داشتنێکی بوونی و گەردوونی و خەونییە. کار لەناو خەون دەکەم بۆ دروستکردنی جیهانبینی، خەون و منداڵی و مردن پرسیاری ئەزەلین، نەکراوە وەڵامکی هەها بۆ پرسیارەکانی ئەزەلییەت بدرێنەوە، هەر وەڵامکی دەبێتەوە کەمەڵك پرسیاری دیکە بۆ ئازادکردنی واقیع. دووبارە نیاز و کەکەیەی گەان و دزینەوە گەرم دەکەنەوە،

دەمانخاتە بەردەم ئازادیی دەربڕین و هەڵکاری گشتی، خەون و خەیاڵ و توانا و ئەزموونمان دەجووڵێنێت، دەکرێت ئەم پرسیارە دوابخرێت بۆ دوای کۆتایی زەوی، یان دوای دۆزینەوەی بزەی مۆناڵیزا و بەختیاری تا هەتایی، بۆوا بە بەختیاری تا هەتایە، کاریگەرترین و بەپیتترین ناوەرۆکی مۆژووی گیانی پێکهێناوە.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵ دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

17

بەڵامەوە گرینگە هەموو ئاستێك ببێتە لایەنگری دەقەکانم، یان نا. بەهای دەربڕینی ئازاد شوێنی نووسینی لە جیهان دۆزیوەتەوە، بە تەواوی مانای ئازادی، ئازادیم لە جۆری بیرکردنەوە و هونەرە جوانەکان و چۆڕی نووسین بۆ خۆم دابین کردووە، ئازادی لەناو هەستیاریی نووسین دەتوێنمەوە، کەسی دووەمیش بەهەمان ئازادی بەڕووە دەچێت. منی وەك نووسین بەڵاوە گرینگە، یان نا. ئەو قەناعەتەشی لا وێنا دەکەم بە هەموو توانای گیانی و هێزی ئەقڵیمەوە ئاماژەکان بە دەربڕین و ناوەندی بەرهەمهێنان بگەیەنم، بارێکی گیانیش لەناوەندی نووسین چۆڕی هاندانم دەگەیەنێتە پلەی توانەوە و تێکەاوبوون بە زەرەك لە شتەکان. هەوێیش دەدەم ژیانی چۆڕدار و بەجوانی پەیوەست بخزێنمە گیانی گەردوون و ئادەمیزادەوە. گەردوون و ئادەمیزادیش بگەڕێنمەوە باری یەکەمین فڕین. ئێستێتیکای هاوبەش و ڕۆشناییەکانی ناو دەق دەکەمە هونەری لێکدانەوە و تێگەیشتن بۆ پەخشکردنەوەی ڕۆشناییەکانی خەیاڵ و ئەندێشەی وەرگر. وابەستەی کولتووری پڕ چالاکیی کوردیم، ئەو کولتوورەی پەیوەندیی بەهەر هەموو کەمەگاوە هەیە. بەرهەمی هێشمەندییەتی، کەواتە: ئەمە ناوەرۆکی گشتیی کولتوورین. تێکۆشانکی سەخت دەکەم، ناوەرۆککی دەوڵەمەند و بە پیت و فەڕ بم.
کولتوور بەو بارە زیندووەی خوێقاندوویەتی، بەناوبانگترین جۆری دەربڕینی ڕۆشنبیرییە. تا پاشەڕۆکی دووریش هەر بەو شێوە چالاکەی دەمێنێتەوە. مامەڵەی من لەگەڵ نووسیندا مامەڵەی ئیماندارە لەگەڵ خودا و سەرچاوە. خودا و سەرچاوەش دەبنە پرسیار و گفتوگۆ، پرسیار لە چییەتی بوون و نەبوون و شوێنەزا و گەردوون. دواجاریش دەمەوێت بزانم ئەو دۆزینەوانە چین، کە پێیان گەیشتووم، پرسیار و گفتوگۆمان چۆن بوونەتە یەکانگیربوونەوەی ئاسۆکانی ناوەند و نووسینیان لەوە درۆژ بووەتەوە.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵ دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

جوانی له سادەیی و قووڵبینییەوە دەخوڵقێت. لێیش شتە سادەکان لەناو دەبا و دڵی جوانی تێدا هاوار ناکرێتەوە، شتە جوانەکان بە سادەیی دەوترێن. لە بەشێك لە بەرهەمی هەشتایەکانم لە بنیادی قووڵی تەمومژدا کارم کردووە، تەمومژ لە ئەنجامی جوانیی زمان دروست دەبێت، لێیش لە ئەنجامی بنیادی ووکەش و هەڵەی زمانەوە. نموونە: بۆزمانێك. واتە: لاپەك دەچێتە لای مرۆڤێك، داوایەك دەخاتە ووو. بۆزمانەکە لای خۆی مانا و لێکدانەوەیەکی بۆ داواکەی هەیە و دەزانێت چی دەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ووونیی زمانی نییە. ناتوانێت داواکەی لە بەرانبەر بگەیەنێت.
شاعیر هەن ووونیی زمان و جیهانبینییان نییە. لە دەروون و هەستی یەکئاستیی خۆیان مانایەکیان بۆ نووسینەکەیان داناوە، بەڵام ناتوانن ئەم مانایەیان بە شێوازێکی ووون لە بەرانبەر بگەیەنن، لێی ئەم نەگەیشتنەیە. ژیان خۆی پڕە لە شێوازی گرێان و جموجووڵ و هاندان و هەڵکار، تەنانەت هەنگی سروشتیش گرێان لە خودی خۆی پەروەردە دەکات. درەخت لە پارچە زەوییەکی بچووکدا کەشوهەوای نەشونما وەردەگرێت، هەموو ساڵێکیش گەڵاکانی خۆی لەناو دەدا و هەمای ووون و شێوازی گەڵا نوێیەکانی دەکاتە کردەیەکی ڕاست. یەك شێوازیش لە ئەزموونی خەوندیدە و وێڕای دۆزینەوەی ژیانی بە پیتدا، دەسەڵاتدار نابێت. مانەوە و کارکردنیش لەناو شێوازێك ڕایەڵ و تانوپۆی داهێنان هەڵدەوەشێنێتەوە، هەموو سەربەخۆیی و دەسەڵاتێکی کەلکەشیش زەوت دەکات، گیانی بەردەوامبوونیش دادەزڕێنێت. ئەو شێوازەی لەناوەڕاستی هەشتایەکانەوە ئەزموونم کرد، هەوڵم دا لەو ئەزموونەدا کار لەناو مانای زمان بکەم و مانای بابەت بمرێنم.
ئەزموونێك بوو، ویستە هونەری و کەلکەشییە زمانەوانییەکانم تێدا پشکەش کرد. دوای ئەم پشکەشکردنەش خواستی گرێان لەناوەوە هەژاندمی، هەستم کرد کارێکی دیکە هەیە بۆ کردن، دنیایەکی دیکەش هەیە بۆ بینین و شێوازی ژیان. کاتێك ڕێگا بەخۆم دەدەم ئەزموونێك واز لێ بێنم و سەرگەرمی ئەزموونێکی دیکە بم، دیارە وەك ئەزموون گەیشتوومەتە دوا ئاستی و لام تەواو بووە، ئەگەر لەناویشیدا بمێنمەوە دووچاری خۆدووبارەکردنەوە و پێکوتە دەم، خۆدووبارەکردنەوە و پێکوتەش کەشی نووسینم لەبەرچاو دادەخەن، لەو بار و بوارەدا هێزی خود و ڕستە کاریگەرەکانی مرۆڤی نوێبەخشیش بۆ جوانی و ژیان، بۆ کاریگەر دەبن.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەمووەمان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵ دەبین و چەندیشمان هەڵدەبژێکێین.

ڕاگەیاندن کەناڵ و ناوەندێکی خزمەتگوزارە بۆ کردەی ڕۆشنبیری. لەناو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا گەیشتووم بە ئەزموونی بەپیتی زۆرێك لە نووسەرانی کورد و سوودمەند بوویمە بە بیر و بۆچوون و فۆرمەکانیان. لەلایەکی دیکەشەوە هۆندەی لە بەشێك لە ڕۆژنامەوانی بە ناهەق لەبارەی منەوە نووسراوە، هۆندە بەهەق لەبارەی ئەهریمەنەوە نەنووسراوە. سەرەڕای ئەمانەش بەبێ هیچ هۆیەك بە مەبەست و هەڵەی ئەنقەست ناوم لە لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنە ئەدەبییەکان دەسڕنەوە. بەشێك لە ڕۆژنامەوانیی کوردی هەوڵی تێدا دراوە هەقیقەتی شیعری من بشێوێنێت. لە ڕۆژگاری ژیاندا ئەوانەی لە چۆڕی باوخوازەوە تەماشای ڕستە کاریگەرییەکانی ژیان دەکەن تاوانکارن، نوێبەخشەکانیش قوربانیی ئەو هێزە باڵادەستانەن، کە تاوانکاران دەجووڵێنن و ئامادەیان دەکەن بۆ بەجێهێنانی مەرام و تاکتیکە سیاسی و شکستە ئەدەبییەکانیان، دیمەنە سادە و کاریگەرەکانی ژیان وەردەگرم بە تێکەڵاوکردنی فۆرمەکانی گەیاندن چەند ئاستێکی زمانەوانیی شیعرییەتی تێدا دەکەمە ستوونی تایبەتکردن و درەوشانەوە. وەك دەقی بە ئەدەبیوو دەیخەمە بەردەم کۆمەڵك نیشان و پرسیار، شتە سادەکانیش بەردەوام لە سرووتی تایبەتی و دانایی لەناو خۆقاندنی نووسین زانیاریی ویژدانی و گەرمایی هەستەکانن. بوونمان لەناو خێیاندا لەپێناو ژیان و جیهانبینییەکی باشتر بەرجەستە دەکەن، تا لە ژیان کاریگەری و کردەوەی خێیان نیشان بدەن.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزێکێین.

بڕەنگی لە قووڵایی نەزانراودا پەیوەندیی دیکە لەگەڵ ژیان و بوون و گەردوون دەدۆزێتەوە، پەیوەندییە ساردبووەکانیشی لەگەڵ واقیع زیندوو دەکاتەوە. هەندێك شت لە واقیع وەردەگرێت، لە بیرکردنەوەی ڕۆکی دەخاتەوە و ئامادەی گوتنی دەکات. پێکهاتەی سرووتی کەسایەتیم لە نیشتەجێبوون لەسەر زەمین بۆ خۆ گونجاندن لەناو سەرچاوەکانی ژیان وا هەڵکەوتووە. ئاخاوتن لەناو دەق دروست دەکەم. لە قسەکردندا خودی ئامادەکراو دێتە پێشەوە، لە ئاخاوتنی ناو دەقیش ئەفسانە و ئەفسوونی خودی وریا و هۆشمەند. ئەگەر زۆر بدوێم، تێڕامانی ناوەوەم دەکۆژێت و بنیادی ئامادەبوونی بەردەوامیی نووسینم دەشەڵژێ، ئەفسانە و ئەفسوونی خودیشم بەتاڵ دەبێت. زۆر دوان تەنیا بۆ کەسی سیاسی گونجاوە، بار و بوار بۆ

گفتوگۆ لەگەڵ ئەوی دی دروست بکات، نووسەریش بار و بوار بۆ تێڕامانی تاکییەتی و هەستەکانی خۆی دەستەبەر دەکات. خۆم بە تێگەیشتن لە کرۆکی ڕۆژگار و بێباکی گرتووە، پڕۆژەکانم بەهۆی زمان و ئەفسانە و ئەفسوونەوە پەرە پێدەدەم، نازانم ئەوەی نووسیومە باشە، یان نا. بەڵام بەو ڕاستییە گەیشتووم پێویستە لە هەوڵی تێڕامان و بیرەنگی بەردەوامبم، کە دەقی بێگەرد بێدەنگییەکی بەردەوامە.
بێدەنگی لای من مانا قووڵەکانی خەون و گەردوون ئاگادار دەکاتەوە و پرسیاری ژیان و بوونی هەیە و دەیکات بە توانا و ئەزموون.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵ دەبین و چەندیشمان هەدە بزەکەین.

21

هەمیشە خۆم لە گفتوگۆ و دیمانە ڕۆژنامەوانییەکان بەدوور گرتووە، ئەو دەسکەوتانەی لە بار و بواری شیعرەوە بە دەستم هێناون، دەکرێ بکرێنە جێگرەوەی هەموو گوتن و نووسینێکی دیکە. هیچ نیازێکی گوتنیشم نییە لە دیمانە ڕۆژنامەوانییەکان بیکەم بە ناوەندی دەربڕین و درکاندن. هەموو ساتە هۆشیاری و نهێنی و هەستکردنەکانی هایەڵ و تانوپۆی نووسینیان چنیوم، لە هەناوم خۆیان ڕاپسکاندووەتە دەرەوە و لە دەقەکانم درکاندووەمن. خۆ تەرخانکردنیشم بۆ بەرهەمهێنانی دەق بەلاوە گرینگ و ناوەندە. دەق بنەمای پەیوەندییەکان جوان و فراوان دەکات، فۆرمەکانی دەرووبنیش دەگۆڕێت. سەرەتا شتە گشتییەکان دەدزمەوە. دواتر گیانی بزوێی شتەکان دەنووسمەوە و هەستی تێدا دەخوڵقێنم.
نووسین و قسەکردن لەبارەی شیعر بە کردەی دژینەوە تێ ناگەم، زیاتر گواستنەوە و گەیاندنە. هەوڵ دەدەم خۆمی لێ بپارێزم، لەگەڵ ئەوەش لە هەموو بابەتێك پتر، تامەزرۆی خوێندنەوەی دیمانە ڕۆژنامەوانییەکانی شاعیرانی بە ئەزموون و ژیننامەی کەسایەتییانم.
تێڕوانین و زار وردبوونەوەش لە شیعردا دەمانباتەوە بۆ سەردەمی لەدایکبوونی یەکەمین مرۆڤ. نووسین ناتوانێت لەبارەی یەکەمین مرۆڤ هستەیەك، تەنیا هستەیەك بەهۆز بکات، تەنیا لەرزەی گیان دەتوانێت لەناویدا وردبێتەوە و بگات بەباری تێڕامانی یەکەمین مرۆڤ.
سەنگێك هەیە ناوی مۆژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵ دەبین و چەندیشمان هەدە بزەکەین.

هیچ بیانوێک ناوا نیە بۆ بەرسی کردنی خاك ! .. سەردار عەبدوڵا حەمە

جەنگ لە گەڵ داعش ئەو بیانووێە کە خاکی کوردستانی پێ دەترسێنرێ و دەکرێتە بیانوو بۆ بەرسی کردنیان و مووچە بۆ کرێکاران و مامۆستایان فەرمانبەران وپێشمەرگە وپۆلیس وخەزانی شەهیدان وخانە نشینان نادرێ یا نیوە مووچە وچارەکە مووچەیان پێ دەدرێ . دەسەڵاتدارانی سەرمایە لە هەموو کاتێکدا بیانووێک دەدەزنەوە بۆ ئەوەی خاکی کرێکار وزەحمەتکێش تەنانەت توێژەناوەندەکانی کۆمەڵگا وەک مامۆستا وفەرمانبەر بەرسی بکەن نانیان ببڕن و بکەنە بیانخەنە ناو لەشکری برسیەکانەوە. بیانووی شەڕ لە گەڵ داعش یەکێکە لەو بیانوانە کە دەسەڵاتدارانی موفتە خۆری بورژوازی کورد بۆ کاری دەڵنی بۆ ئەم مەبەستە.
خاکی کورستان زۆر لەوە هەشیاترن باوەڕ بەم درۆ شاخدارە بکەن کە دەسەڵاتدارانی سەرمایە لە کوردستاندا بۆ کاری دەهێنن بۆ فریدانیان وە چاک لەوە گەیشتوون سەروەت و سامانی کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە هەم شەڕی داعشی پێ بکرێت وهەم مووچەشی پێ بدرێ ، داتاکانی خەیان سەبارەت بە دەسکەوتی بەرهەمی نەوت و گومرگ و باجەکانی سەر خاك ناژانە ئاستی ئەو بەچونەمان پێ دەڵێن ، ئەومان پێ دەڵێن ئەو هەموو پارەیە کە بەدەست دێت ئەگەر بەیەکسانی دابەش بکرێ باشترین ژیان بۆ خاك دابین دەبێ و باشترین شەیشی پێ دەکرێ لەگەڵ داعشدا .. ئاشتی هەورامی ووتی : ئەگەر نرخی١بەرمیل نەوت ببێتە ١٠٠ دۆلاریش ئەم بارودۆخە هەروا دەبێت ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەو پارەیە بۆ گیرفانی بازرگانە سیاسیەکانی دەسەڵات دەچێت بۆیە بارودۆخەکە هەروا دەمێنیتەوە ، هەروەها نیچیرڤان بارزانیش ووتی : ئەوەی ئەمڕو بۆ سەر ئەم میللەتەماندا هێنا لە شۆڕشکی تر بوایە شتی زۆر خراپ ببووی دەدا . ئایا ناکرێ ئەم قسانە سەلمێنەری ئەو ئاستیە بن کە ئەم دەسەڵاتە خەیشی دەزانێ تاوانبارە بەرانبەر بە خاك؟ برێخت ئاستی ووت : هەرکەس لە ئاستی تۆ ناگا گەمژەیە ئەوی تیە دەگاو خۆی لێ لا ئەدا

تاوانبار . دەستەکانی کوردی خۆی لەو هاستێ گەیشتووە کە تاوانبار بەهام ئەوانەی دەورووپشتیان وکەیلەکانیان تێ نەگیشتوون دەنا دەبووئەمە ئەوانیش لە ڕیزی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا بوایەن و داوای سزادانی ئەو تاونبارانەیان بکردایە نەک بە ئەو دەستەکانەی بپاڵێنەوە بکوژنەوە .
ئایا دەکرێ شەڕی داعش ببێتە پاساو بۆئەم تاوانەیان ؟داعشێک کە خەیان ودەستەکانیان لە ئیمپریالزمی ڕۆژئاوایی دروستیان کردوە دەستیان گرتووە و هەناویانە ئەم ناوچەیەوە تا بتوانن ڕێگا خۆش بکەن بۆ ئەم تاوانە گەورەیەی بەرانبەر بە خەڵک ئەنجامی دەدەن و تەمەنی دەستەکانیانی پێ درێژ بکەنەوە . مێژوو نیشانی داوە ئەو جۆرە پاساوە و جۆرێکی فریوکاریە و ناکرێ تا سەر بێت بە دەستەکاندارانی چەوسێنەر وکو دەڵین پێتی درێ کورتە بازرێش درێژ ناکرێتەوە . خەپیشاندانەکانی ئەم هەفتەیەش ئەوەیان نیشان دا کە چیتر مامۆستیان و کارمەندان و کرێکاران باوەڕ بەم پاساو و درێیانە ناکەن . خەڵکی کوردستان تەجروبەی حیزبی بەعسیان لەلایە کە کاتی خۆی لە ساڵەکانی هەشتاکاندا شەڕی ئێران و عێراق هەبوو وە شەڕی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی هەبوو هەمیشە لە لای پروپەگاندەکانی سەدام وبەعس ئەو شەڕانە دەکرانە بیانوو وە پاساو بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق هەموو نەهامەتیەک قبوڵ بکەن لە بەرئەوەی ووڵات لە حالەتی شەڕدایە ونیشتمانمان لە مەترسیدایە و دەیانگووت ناڕازی مەبن و بە دەنگ بن. کەچی دوای شکستی ئەو ڕژمە وە پاش ڕووخانی دەرکەوت کە سەدام وکۆمەکانی و بنەماڵەکەی چەندە سامانیان کۆکەکە کردبوو ، چەندە کەشک ڤێلایان لە بن دەستدا بوو چەندە ئاڵتوون ودۆلاری سەفتە کراویان لابوو .
زەر جار هتلەر وسەدام وخومەینی و بەشار ئەسەد وقەزافی و بن عەلی وعەبدولاسالح و پاشای سعودیەو وئەمیرەکانی خەلیج دەبنە نموونە لە جیهاندا بە زاڵەم بوونیان وە دەخرێنە تای تەرازووەوە تا سەرکردەکانی تریان پی بپێون کە من باوەرم وایە سەرکردەکانی کورد ئەگەر بەم تەرازووە بپێورێن کەشی تاوانەکانیان کەمتر نابێ لەتاوانی ئەو دیکتاتوروفاشیستانە لە بواری گەندەڵی دزی کردندا.
ئەگەر بە خەڵکی دەڵین ئارام بگرن ئەمە لە شەڕداین لە گەڵ داعش ئایا خەیان ئارامیان گرتووە ؟ ئایا کە نانی ئەو خەڵکە دەبڕن بەم پاساوەیان لە خەشیانی دەبڕن ؟وەڵامەکەی ئەوەیە نەک خەیان ئارام ناگرن و نانی خەشیان نابڕن بەڵکو بە بیانووی ئەو شەڕەوە بەرپرسەکان سەفتە ی دۆلارەکانیان بەرزتر وبەرزتر دەکەنەوە بازار بە بانکەکانی تورکیاو ئەوروپاش زیاد دەکەن بەهای کەڕەکەی سەرمایەکانیانەوە لەو بانکانەدا . مەشکی خەڵکیان بردووە بەوەی

دەیین ئەمە لە حالەتی جەنگداین دەبی وەزعەکە قبوڵ بکەین وە فریوکارانە لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە فریوی خەڵک دەدەن ، وەک نێچیرڤان بارزانی ووتی : ئەمە مەمنوونی خەڵکی کوردستانین کە تەحەمولی ئەم وەزعەیان کردووە ..... بەڵام ئایا خودی نێچیرڤان وەدەسەڵاتدارانی تر ئەو تەحەمولەیان کردووە و مووچەیان وەرنەگرتووە وسامانیان کە نەکردووەتووە وە بەردەوام لە خەشترین ژیانی شاهانەدا نەبوون ؟!.
هەموو مەترسی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ وەیە واتە ٢ ساڵ بەڵام دزین و بە تاڵان بردنی سامانی کوردستان و سیاسەتی برسی کردنی خەڵکی کوردستان و گەندەڵی ٢٥ ساڵە دەستی پێ کردووە بۆیە بیانووی شەڵەگۆ داعش بۆ برسی کردنی خەڵک بیانوویەکی پووچ مەگەر تەنها کەسانی بێ ئاگا باوەڕیان پێ بهێنن.
تاکە هێزێک بووەتە هێزی ئەوڕی ٢٥ ساڵە ئەم دەسەڵاتە ئەمەی بە بچێتە سەر نەبونی بەدیلێکی سیاسی شەرعیەت کە لە هەوڵی ڕەخستنی خەڵکدا بێت بێ بە دەست هێنانی دەسەڵاتی خۆی کە سامانی کەمەڵگا بداتەوە بە کەمەڵگا و بۆیکسانی دابەش بکرێ وە سەرجەم تاکەکانی کەمەڵگا لە ی بەهرەمەند بێت ، وا هەست دەکەم ئێستا خەڵک خەریکە بۆ ئاکامەکەی تەنها خەڕکخستن لە دژەوی بازنەی حیزبەکانی دەسەڵاتدا دەگا چارێ ، وە لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەدا ئەو تروسکەی ئاسۆیە دەبینرێ بەڵام هەشتا پێویستی بە کاری زیاترێ بە هەڵهاتنی و بە ڕزگار بوون لە دەست ئەم جانەوەرانەی دەسەڵاتی ئێستای هەرێمی کوردستان.

سەردار عەبدوڵاحەمە
١٢/١١/٢٠١٦

بە بەشداریی بەرهەمی سینەماکارانی کورد فیستیڤاڵی

کورتە فیلمی تاران بەندەچێت بە نمایشی بەرهەمی سینەماکارانی کورد و 41 وڵاتی جیهان

سی و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی تاران بەندەچێت.

سی و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی تاران بە سەرکایەتی "فەریدە فەرخوندە کیش" و بە نمایشی بەرهەمی سینەماکارانی کورد و 100 فیلم لە سینەماکارانی 41 وڵاتی جیهان لەوانە: ئیتاڵیا، تورکیا، ئەرمەنیستان، کۆریای باشوور، چین، ژاپۆن، هیندستان، قرقیزستان، عێراق، فەرەنسا، ئەڵمانیا، کەنەدا، ئەمریکا، ئەڵژانتین، سویسرا، سوید، ئیسپانیا، هەندەندا، بەریتانیا، یۆنان، ڕووسیا، شیلی، ئەکوادۆر، بەلژیک، پۆڵەندا، دانیمارک، قیبرس، ئەرجەنتین، ئەندونیزی، پۆڵ، ئیرلەندا، هەنگاریا، زیلاندنەو، ڤیێتنام، ئێران و هەروەها هەرێمی کوردستان لە چەندین بەشی جیاوجیا، لەوانە: بەشی پشبەکی نێودەوڵەتی، بەشی پشبەکی "سینەمای ئێران" لە لقەکانی فیلمە چیرۆکییەکان، فیلمە دیکۆمێنتارییەکان، فیلمە ئەزموونییەکان و فیلمە ئەنیمەیشنییەکان، بەشی پشبەکی "وەتانی ئاسیایی"، چەندین بەشی دیکەی پشبەکی و چەندین بەشی دیکە لە 2016ی ئەژانسی 8 تا 14ی نۆڤەمبەری لە کەمپی پەردیسی سینەمایی "چارسوو" لە شاری تارانی پایتەختی ئێران بەندەچێت.

لەم خولەی فیستیڤاڵدا، هەروەها 11 فیلمی ئەنیمەیشن لە سینەماکاری ناوداری ئێرانی "عەباس کیارەستەمی"، کە و کەبوونەوەی پسپۆرانی "سینەما و یەک هەوانین" لە لایەن چەندین دەرهێنەری بەرچاوی ئێرانی لەوانە: "ئیبراهیم حاتەمی کیا"، "ئەحمەد ئەزا دەرویش"، خاتوو "نازەنین موفەخەم"، "مەهدی کەرەم پوور" و "محەمەد عەلی حوسێن نیژاد"، 11 فیلمی ئەنیمەیشن لە چەندین سینەماکاری کورد و ئێرانی، لەوانە: "خوسرەو سینایی"، خانمە ئەکتەری کورد "مریەم بووبانی"، سینەماکاری کورد "هووشەنگ میرزایی"، "مەجید بەرزگەر" و "مستەفا ئاڵی ئەحمەد"، کۆیی "یوکا ـ پەکا لاکسو" Jukka-Pekka Laakso بەرپرسی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "تامپێرە" Tampere لە وەتی فینلەندا، کۆیی "یەتا ویلە" بەرپرسی بەشی کورتە فیلمی وەتی ئەڵمانیا، کۆیی "سایکۆ کینەشیتا" Sayoko Kinoshita بەرپرسی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "هیرۆشیما" Hiroshima لە وەتی

ژاپن، نمایشی بەرهەمە هەڵبژێردراوەکان لە لایەن "خوسرەو سینایی" دەرهێنەریی بەناوبانگی ئێرانی، چەندین ڤێرکشۆپی پسپۆڕانە لە لایەن: "فەرهاد تەوحیدی" ـ سیناریۆنووسی، دکتۆر "ئەحمەد ئەلەستی" ـ بنەمای کورتە فیلم، "ئەمیر مەهران" ـ تیتراژ لە سینەما، "کریستۆف رێزاعی" ـ موزیکی فیلم و "بەهرووز شەهامەت" ـ جوانناسی دەنگ، بەشی "کتێب و سینەما"، سیمیناری نوودوەتی کورتە فیلم (رابردوو، ئێستا و داهاتوو)، چاوخشاندنێک بە کورتە فیلمکانی وەاتی ئەمانیا، ئەو فیلمە ئەمانیانەی کە بەراوەی خەڵاتی ئۆسکاربوون، بەشی "ڤیدیۆ ئارت"، فیلمکانی ئیسلام و ئاشتی جیهانی و چەندین بەشی دیکە لە شاری تاران بەڕێوەدەچێت.
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی نوودوەتی سی و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نوودوەتی کورتە فیلمی تاران بریتین لە: "خوسرەو سینایی" دەرهێنەر و سەرکی لێژنەی دادوەران لە وەاتی ئێران، خاتوو "ژولیت دورێت" Julliete Duret بەرپرسی هونەریی لە وەاتی بەلژیکا، "یوکا ـ پێکا لاکسو" Jukka-Pekka Laakso بەرپرسی فیستیڤاڵی نوودوەتی فیلمی "تامپێرە" Tampere لە وەاتی فینلەندا، خاتوو "شوبرا گوپتا" Shubhra Gupta نووسەر و ڕەخنەگری سینەما لە وەاتی هیندستان و خاتوو "ئانا هێنکێل ـ دۆنەرسمارک" Anna Henckel-Donnersmarck دەرهێنەر لە وەاتی ئەمانیا.
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی "سینەمای ئێران"ی ئەم فیستیڤاڵەش بریتین لە: دکتۆر "ئەحمەد عالەمی" ـ مامۆستای زانکۆ، سینەماکاری دیکۆمێنتاری، ڕەخنەگر، نووسەر، وەرگێڕ و سەرکی لێژنەی دادوەران، "محەمەد ڕەزا هونەرمەند" ـ دەرهێنەر، "ڕەزا میرکەریمی" ـ دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر، "موحسین ئەمیر یوسفی" ـ دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر و "داوود خەیام" ـ دەرهێنەر.
فیستیڤاڵی نوودوەتی کورتە فیلمی تاران بە یەکێک لە فیستیڤاڵە گرینگ و بەرچاوەکانی کورتە فیلم لە ئاستی دنیا دەتە ئەژمار و لە نێوان دەرهێنەرانی کورتە فیلمی دنیادا پێگەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و هەموو ساڵێک فیلمسازانی سەرتاسەری جیهان بەرهەمەکانی خۆیان بە نووسینگەی ئەم فیستیڤاڵە ڕەوانە دەکەن.

بۆ زانیاریی زیاتر:
www. tisff.ir

بڕوانە بۆ ڕایەتیی ڕاگەیاندنیی گشتیی فیستیڤاڵی نوودوەتی کورتە فیلمی تاران.

سەرنجێک لەسەر شێوەی دژی داعش لەموسڵ و جیاوازی هێزەکان لەناو چێپدا ! .. عەبدوڵا ساڵح

جەنگ درێژکراوەی سیاسەتێ وەک لینین دەڵێ ، ئەگەر ئەم شێوەی موسڵ بەو پەوانەیە هەڵسەنگێنین ، ئەوا سیاسەتێک کە لەپشتی ئەم شێوەو وەستاوە سیاسەتێکە تەواو کۆنەپەرستانەیە لە هەردووک لایەنی شێوەکە ، ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە هێزە ناوخۆییەکان و ئیقلیمیەکان و نێو دەوڵەتیەکان ، ئەوانەی هەکارێک بووبن بە سەرهەڵدانی داعش وەک نوێترین و دڕندەترین نوسخەی ئیسلامی سیاسی ، ئەمڕۆ کە ئەم نوسخەیە ماوەی بەسەرچوو هەڵسوراکانی ئەوانی بەزاندوە ، ئیتر کارەکیان پێ نەماوە بەدوای نوسخەیەکی تازەتردا بگەڕێن بۆیە قۆناغی هەڵماڵینەوە بە لەناو بردنی ، لەڕووی ئاشکرایە کە لەناوبردنی سەربازی داعش لەلایەن ئەو هێزانەوە لەبەر خاتری چاوی کەس نیە.

تەرەفی ئەولاتر کە داعش بە بەرگری لەخۆیی و بەردەوامی بردنە پێشەوەی ئامانجەکەی کە بریتیە لە " بەجێگەیاندنی شەرعی خوا لەسەر ئەرز " شێوەی مان و نەمان دەکا . هەر بۆیە لەهەردووک لاوە شێوەکی کۆنەپەرستانەیە .
ئەم شێوە دەبە هەرئەستا ئاوەستە ! ئەوە داخوازی حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق و حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستانیش بەهەمان شێوە بەناو بەرەیەکی جیاواز ، هەندێک لە هێزە چەپەکانی دیکەو وەک حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری ئێران / حیکمەتیست بەپێچەوانەوە دژێن ئەم شێوە جێگای موخالەفەتی ئەمە نیە ، لێگەڕێن با ئەوانەی داعشیان دروست کرد هەر خۆشیان لەناوی بەرن ، ئەم دوو هێزە جیاوازە بەتە مایەی باس و جەدەلێکی تۆند لەناو هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکاندا لە نوخۆی عێراق بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی .
بەرلەوەی بچمە ووردەکاری باسەکە دەمەوێ بڵێم من لەگەڵ ئەوەدام ئەم سەرەتانە لەجۆستەی مرۆڤایەتی دا هەڵکەنرێ ، بەدەر لەوەی کە هەیدەکێنێ ، بەتایبەتی ئەو هێزانەی خۆیان خوەقێنەری بوون .

ئاگرچی باوەی تواوم هەیە بەوەی ئەم شتە شکستی کۆنەپەرستانەیە ، ئاگرچی بەشک لە قوربانیانی خەکی سقیلن و دەبە فشارکی زۆر بخرێتە سەر لایەنی پێلامارداڕ بۆتایبەتی کە هەرچۆنک بێ لواوە خەی بەدوور بگرێ لە شتنی ژیان و گوزەرانی خەک و شتنە گشتیکان لەلایک ، وە لەلایکی دیکەوە شتنی حەوانەوەو نەشتەجێبونی پێویست بۆ ئاوارەکانی ئەم شتە کۆنەپەرستانەیە دابین بکرێ ، هەروەها باوەی تواوم هەیە کە ئەم شتە بۆتواوی داعش لە ەوی سەربازیەوە لەناو نابا ، لاگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئاگاڕ تک شکانی داعش لەموسڵ بڕاورد بکەین بە تک نەشکانی و مانەوەی ، دەبینین ، بە بۆای من ، لابردنی ئەم مۆتەکە شومەی ئیسلامی سیاسی و دەرپەاندنی لە موسڵ لە قازانج و بەرژەوەندی خەک دایە تاکو مانەوەی ،هەرچۆندە ئەم بەچونەی من ەنگێ وەک مەسەلەیەکی محەلی چاوی لێبکرێ ، بەڵام من خەم بەواقعی دەزانم ئەوەش لەبەر هە گەلەکی یەگجار زۆر کە من لەڕەدا هەندەکیان دەژمێرم :

1 / خەزگە هەزە چەپ و پێشکەوتوخوازەکان ئەوەندەیان لە توانا دابایە ، کە لەتوانایاندا نیە ، جەماوەری ئەسیرکراوی دەستی داعش لە موسڵ ابەری بکەن و بە پشتیوانی ئەو هەزە جەماوەریە داعش لەموسڵ وەدەرنەن و حەماسەیک بخوقێنن لە شەوەی حەماسەی کچان و کوانی خەباتکار و قارەمانی کەبانی ، ئەمە لەلایک و لەلایکی دیکە بەڕەی پێشکەوتوخواز و مۆتەمەدنی دنیا هاتبانایە دەنگ و پشتیوانیان لەم حەماسە جەماوەریە بکردایە هەر وەک چۆن لە جەنگی بەش و بڵەر بە داگیرکردنی عەراق کردیان لە شوباتی ساڵی 2003 ، بەڵام داخەکەم نە ئەویان هەیە و نە ئەمیان ! ئەوەتا لەسەر ئاستی جیهاندا دەبینین چۆن هەزە ااستەوەکان مەیدانداری دەکەن ، هەبژاردنی ترامپ و دەرچونی بەریتانیا لە ئیتحادی ئەوروپی دوو نمونەی زیندوی ئەم حاەتەن .

2 / لەماوەی ئەم دوو ساڵ و نیوەی حوکمی داعش لە موسڵ پڕۆگرام و پڕسەی خوەندنیان بە جۆرێک بە ەوە بردوە کە زەین و هۆشی منداڵ و مەرمنداڵ و گەنجانیان وا شستو شۆ کردوە کە فەریکە داعشی زۆر تونداەو تر لەخەیان بەرهەم بەنێ ، قوربانیانی دەستی داعش هەنراونەتە قوتابخانەکان و بەربەرچاوی قوتابیانەوە ئیعدام کراون و تانەت زۆر جاریش ئەرکی جەبەجەکردنەکەیان بەوان سپاردوە !

3 / ژنان کە نیوەی کەمەن بە نیوە مرۆقیش حیسابیان بە نەکراوە ، جیا لە پێشینی جل و بەرگی تایبەت و مۆقنەو ئەسیر کردنیان لە کوونی ژوور ، ەگا چونە دەرەوەشیان لەقەدەغە کراوە مۆگەر لاگەڵ

مەحرەم ، خۆ باسی سەبایا و کچێ یەزیدیەکان هەر ناکرێ !
4 / ئەم چوارچێوە جوغرافیایەی داعشی تێدا حاکم بووە لە کەمپەگای بەشەری دایان بەاندوە و وەک لە ئەستێرەیەکی تر بن ، هەرکەس سەرپێچیشی کردبێ شیلاق ی کوشتن حازر و ئامادە !
5 / عیراق کە خۆی لە بارەکی ئابوری زۆر خراپدایە ، ئەی دەبێ دانشتوانی ژێر دەسەلاتی داعش لە موسڵ حاڵیان چۆن بێ ؟
6 / چەکدارانی داعش خۆیان دادگاو خۆیان دادوەر و خۆیان جەبەجەکارن ، حوکمی شەرعی ئیسلام لە هەمان چرکەساتەکەدا بەجێدەگەیەنن !
خۆ باسی ئازادی تاک و مافەسەرەتایەکانی مرۆڤ هەرناکرێ، تەنانەت جگەرێ کێشانیش قەدەغەکراوە ! ئەمە چ دەزگەکێ و چ مەتەکیەکێ بەسەر سینگی بەشەریەتەوە ؟
مەنسوری حیکمەت لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئینتەرناسیونالی هەفتەگی ژمارە 77 بەرواری 26 / 10 / 2001 دا لەباسی دنیا دوای 11 ی سیپتامبەر ئاوا باسی تالیبان دەکا : (ئاگەیاندنی جەنگ لەلایەن هیچکەسەکەوە ، تەنانەت ئەمریکاو ڕۆژئاواش ، بەدژی تالیبان ، ناکرێ مەحکوم بکرێ ، تالیبان دەبێ بەوا ، لە کۆتاییدا دەبێ بەزەبر بەوا و بەکردەوەی سەربازی بەوا، دوژمنی ڕۆژئاوا بێ تالیبان باشترێ لە دەستایەتیەکیان . هیچکەس ڕۆگر نابێ لەبەردەم پێچانەوەو داخستنی لاپەڕەی ئەو ئینسان کوژانەی کە ڕۆژئاوا خۆی هەناونیە سەر کار) لێرەدا دەبێ بەم تەئکیدیش لەوە دەکاتەو کە جیاوازی هەیە لە نێوان جەنگ و تیرۆر ، ئەمە ڕاستێ ، چونکە ئەوکات تالیبان لە چیاکانی تۆرا بۆرا خۆی حەشار دابوو و ئەمریکاش ئەو ناوەی بەسەر سەری دانیشتوانی دا خاپور دەکرد گوایە شەڕی تالیبان دەکا ، وەک چۆن دەڕیاچەکە ووشک بکێ تاکو ماسیێ بگەنەکە بکوژی ! کە ئەمەش تیرۆریزمەکی حاشا هەڵنەگرێ . بەڵام ئەمڕۆ داعش پانتایەکی زۆری خاک بەدانیشتوانەکیشیەوە لەژێر چنگ دایە ، دەوڵەتی ڕاگەیاندووە ، با دەوڵەتەکی موتەعارەفیش نەبێ ، کەمەگا بەڵێو دەبا بەتەمایێ سیکەی پارێ لێبدات ، سوپای هەیە ، کەواتە ئەمە شەڕی نێوان دوو لەشکرێ .
با بگەڕێمەوە سەر ئەسڵی باسەکە ، ئەو کێشە سیاسیەی نێو چێپ دەربارەی شەڕی موسڵ . بوونی جیاوازی بیرو ڕا دەربارەی مەسەلەیەکی سیاسی و تەنانەت مەسەلەیەکی فکریش لەنێو بزوتنەوەیەکدا یاخود لە نێو حیزبەکی سیاسیشدا شتەکی زۆر سروشتیێ ، هەروەها بوونی باس و جەدەل لەسەر ئەو بابەتانە حاڵەتەکی تەندروستێ ، بەڵام ئەوەی جێگای داخێ ووون بوونی ئاسەی سەیالستی لە هەندەک لەو باسانەدا و پابەند نەبوونی تۆرەفەکان بە ئوسوڵ و پرەنسیپی کەمانیزمی

کرێکارییەوە بە جۆرێک کە کێشو هەوایەکی سالمی سیاسی فەراهەم بێنێ بە بردنە پێشەوەی ئەم باس و جەدەلە ، نەک تەنیا ئەوە بگرە پەنابردنی هەندێک لایەن بە هەمان شێواز و ئوسوولی حیزبە بۆرجوازیەکان بە وەشاندنی تانو تۆشۆری سیاسی و تەنانەت شەخسیش بە هەڕەشەوەی لاپەڕەکەنەکان لەسەر یەکتر !؟ ئایا ئەمە کۆمەڵێک کۆمۆنیزمی کرێکاریە ؟ ئایا نەدەکرا ئەلگۆیەکی ئوسوولی کۆمۆنیستی وا بدۆزینەوە دەست لەم جۆرە خیلافاتانەدا کە دەرسکیش بە بە هەزەکانی تری دەرەوەی بزوتنەوەی چەپ لەبری گۆیاندنی کارەکە بە شێنیك کە بریندەکانی وا بۆئاسانی ساڕێژ نەبن ؟ ئایا ئەمە خزمەتێ بە بزوتنەوەکە یاخود بە نەیارانی ؟
ئەڵێ هەموو هەزەکانی مەیدانی سیاسی لە عێراق خەرێکی خۆئامادەکردنن بۆ قەناغی دوای داعش چونکە بمانەوە و نەمانەوە شەڕەکە ئیدامەی هەیە لە دەرەوەی ئیرادەی ئەمە ، بمانەوە و نەمانەوەی داعش لەڕەوی سەربازیەوە بەرەو شکست دەڕوا ، چەنیەتی خەسازدان بۆ قەناغی دوای داعش ئەرکێکی بێئەملاو ئەولای گشت هەزە سیاسیەکانە، حیزبە بۆرجوازیەکان لەو بارەوە بەخەم نین ، بەڵکو هەمانیستەکان ، بەداخەوە ، وەک لە ئەجیندایاندا نەبە وایە ! وادیارە ئەمەوداوە تێپەڕدەبێ و ئەوانیش لەتەماشاچی بەولاوە چیتر نەبن !
کاکەڵەی باسەکە بە وتەیەکی لینین دەنمەوە لە باسی سۆسیالیزم و جەنگ کە دەڵێ : (هەرگیز ناتوانرێ جەنگ لەناوببرێ بەبێ لەناوبردنی چینەکان بەبێ دامەزراندنی سۆسیالیزم) .

2016 / 11 / 12

هەژەی نەگۆڕ ....!؟ … برهان ئەحمەد

دەمانچە لە من بەختی باشترە , تفەنگ لە تۆ خەونی زیاترە
کانیەکان دەدەیتە بەر دەستەژی وشکایی , پەینی خەزان دەخەیتە سەر ڕەگی شووبە, هووەتی پوونگە بەشەمزین ئاوپرژێن دەکەی , ئاگرت لە باران بەرداوە , جگا دەترسێ .

خەریکی رووتکردنەوەی زەویت , جلت لە بەر بەهاردا نەهێشت , بزر بووی لە نەوان هاتن و چوون , پەنجەرەت خستانی کردووە , هێشنایی تووشی کەمخونی هاتووە , تاریکیش خوێن بەربوون .

ئەی ئینسان ,

هەموو شتێکی جوانت قفڵدا , زنجیرت خستە گەردن مامزوو باخدارانەوە , لەبەر بێباکیت , باخچە دەپژمە , تووشی هەڵامەتی دەڕاوکە بووە .

جریوەی ئەستێرە بە کلی تەختی دەرژی , پەتووی تەم دەدەیتە سەر خەیاڵی فەیوی پەپوولە , ناوکی وەسواسیت , لەسەر ڕێگای کوکوختی و خاخاڵکەکاندا چاند , دەستدرێژی دەکەیتە سەر کبریای گردوو تەپۆکە , هەیبەتی شاخ و چەمت هەڵاج کرد , مەلوولی دەگوازیتەوە نەو ڕوحی گیا , دەتەنگی دەگەیەنیتە نەو دەمارەکانی ئاو , نەو ئەسک و پروسکی هەور .

ڕاز لەرزوتا دەیگرێ , شەپۆلی تەرازوو لاسەنگ دەکات , هەنگوینی کەم و کووڕی وتارخونی یەکسانییە , میوەی درەختی زمان بەکاڵی دەچنیتەوە .

ئەی ئینسان ,

لە ترسی تۆ , لە ناو هاوارەکی کپ , دەنگەکی خامۆش , قیژەیەکی خەواڵوودا خەم گرمەی کرد , لەناو خەم هەڵکوڕمام , لە ناو گڵنەی مانگەکی نووستوودا ئەڤین و شەیدایيم شاردەوە , خۆشەویستيم بە هەتا هەتایە پاراست .

ئیتر لەوە تێگەیشتم ئەمە ئەرکە سەرکی و ڕاستەقینەکەی منە .

هەرچی بەختیاریم هەبوو , هەرچی خەندەم کەکردبووەوە , ئارەقەی مەچەک و بازوو , دیدگای تەماشاو بینین و وردبوونەوەم , سپاردە دەستە بەهەزکانی ئەستێرەیەکی مردوو , سەعاتی سپەدەکانم بەخشییە تەرمی زیندووی شەوەک , کاتە ئاتوونییەکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەم لەناو هەستی ترساوی تابووتەک دامنا .

تەش ئەسپە هەسنەکەت بە دیاری بە سوڵتانەک برد , لە با سووکتروو لە پووش پووچتر بوو , هەنگوینە بەتامەکەی بەهەشتی ئایندەی زەردەخەنەی نەوکانت لە ژووری مەشکاندا هەگرت , لە هەی مشکەکاندا دەرگات لەسەر زەخیرەو دانەوێڵەکان داخست , قاسپەی کەوکانت سپاردە خەیاڵی ڕاوچییەک .

منیش ناچاربووم

لە ناو کفنی بە ئەقڕێیدا ڕابکەشم ,

بە ئەوەی دەڵێ بەدەڵی گریان تۆ هەڵدەم , بەدەفتەری فرمێسک و حەسرەتکانما چووموە .

مردن ,

خۆری بانگەوازکە نادیار, لە هەنیەی مانگی ژیانەوە هەتا , ڕووداوی سەعاتکە ژەنگ ناگرێ , بەرهەمی گرانییەکە ئەزەلی , سەرئەنجام هەموو کەس دەیچێژ , تامی دڵکات و دەیچێژ , بەرووبوومی باخکە پیربوون ناسۆ , ئاوازی کەمانکە ئەبەدی , دەنگی مۆسیقای پەنهانییە لە زایەڵەی ڕووندا , کۆردستان و لە بیرچوونەوەیە .
شەهیدبوون , ئەزموونی فەرهەنگی میهرەبانییە لە ئاسمانی بەرزی ستەمکاریدا
ئازادی بکەوێت , خەونی دەمرێت
ئەم حیکمەتی نووسراوی سەر سینەی کچە گەریلایەکە .
مردن ,
بەردەوام تەڵی گەمارۆدانی ئەمەی هەڵگرتووە , هەمیشە بەڵێی کەینی دەزوولەو خامۆیە , بەردەوام تەکستی تەقینی لە گیرفاندایە , هەمیشە سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوەی گەستانکانە , خوولیای ئابووقەدانی هەردووکمان , ئارەزووی ئەوەی پێکەوە سەردانیمان بکات , پێکەوە ئاهەنگمان بە بگەڕێت , لەگەڵماندا دووا قاوەی نەبوون بخواتەوە .
ئەی مرۆڤ ,
تۆ , لەپێناو دەست بەسەراگرتنی چەند دەنمێک لەزەت و شەهوەت
لەبەر خاتری هەندێ وەهمی جوان
ونبووەن و سەرگەردانی و بیرچوونەوەت داهێنا , هەرچی وەفاداری مانگ هەبوو بە شەوی وەڵی عاشقان , چی چاکی تریفە هەیە بەسەر هەنگاوی ڕێبوارانی ڕێگای ئەوینەوە , لە ناو تەنگەبەکی خەڵدا ناشتت
دەشێ ووندەاو ڕووداو بێت
کەتر دەستی لە کوشتنی خەیدا هەبێت
دەشێ لە تەقینەوەیەکدا , چاوەکم لە ماڵی دراوسێیەکدا بدەزرێتەوە , دەشێ ئەم سەرەڕای پەڵم لە تەنگ و لە بەن , بکەوێتە بەردەم دوکانەکی عەتر فرۆشەوە , دەم لە خۆشکەی (.....) بە جێبمێنێت .
وای کە دەم دەی خۆشە ئێستاکە …!!!!
چون بە کەمانەکەی ئەوەدا تێپەڕی , وەکو چەڵەکەیەک ڕەی کەوتێتە بەر پەنجەرەکەی تۆ .
دەشێ دەستکەم ئارایشتگایەکی خانمان تەکبدات , قاچکەم بکەوێتە گەڕەپانی قوتابخانەیەکی کچانی سەرتاییەوە .
دەشێ قەسابکی دەرەقی شار سی و جگەری من و مەڕەکی پیری بەسزمانی لەبگەڕێت بەڵکەوت گورچیلەیەکم فەبەدرێتە بەردەست پشیلەیەکی

تەماحکاری گەورەکەمانەوە
ئەی ئینسان …؟
ئاوەی لە سینەتدا دەگوزەرا , ئاوەی لە خوێنتەوە فوارەی دەکرد ,
بەتاڵی دەکەیتە نێو فڕۆفووری ئاودەستخانەیەک
ئێو باڵندانەی لەسەر شان و ملتدا دەنیشتنەوە
سەرت بە کردن بە قەفەس و دەستەکانت بە داو
ئیتر چۆن لێت نەترسم ئەی مرۆڤ …؟
چما لە چی گومانم نەبێ لێت ….؟
چیت ماوە زراوم نەبات …؟
بەچی شتەکت ماوە نەمتەقێنێت ….؟
دەشت و …. دەشت و …. دەشت
ئەمانە ووداو بن
رووياندا
ووبدنەوە
بەڵام ئاوەی جگیرە , ئاوەی مەحاڵە ووداو بێت .
ڕۆژەی نەگەیەی ئەم ووداوانەیە .
مردنی من , چیرۆکی هەزاروو یەک شاوەی ئازادییە
مردنی تۆ , پڕ خزانی سەرخۆشکە لەجادەکانی ئێستامۆ
کۆتنی هیپییەکە لە پاریس
خلیسکانی تلیاک کۆشکە لە تاران .
مردنی من
هەڵهاتنی خێراکی تر لە قەندیل , درەوشانەوەی خۆنی ڕۆاوی
پشمەرگەیەکە لە شنگاڵ .
مەرگی تۆ
دەزینەوەی تەرمی چیچانییەکە لە تەللورد . دانەوەی قەرزکی کۆنە
بە زەوی .
ئەی مرۆڤ …. ئەی گەشتیاری بە شوێن …؟
کەی , لە گەڕمان , لە خانووە نوێکێت , لە کۆشکە لمیینەکێت ,
پشوویەک دەدەی ,کەی ئارام دەگری , کەی ئادەکشێی ….؟
ئەی مرۆڤ ……..

برهان ئەحمەد
مانگی _١ ی _ ٢٠١٦ کەرکوک

گۆران بەرەو بەغداد ... ئاسۆکمال

بۆچی گۆران دیدەو خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی سلێمانی بەرەو بەغدا ڕەوی وەرگۆڕێ، لەکاتێکدا حکومەتی سلێمانی بەدەست خیانەوە و داهاتێکی بەدەست یەکێتیی شریکە ستراتیژیەکیانە؟

ئەم بزوتنەوەیە دوای ئەوەی لە هەڵگری بەیەوبەری پەروەردەکیەوە خۆپیشاندانەکانی بە فەوزای چەند حزبێک ناوبرد و هێژی دوایی دەنگی هەزاران خۆپیشاندەر وەڵامی دان شکستی بەم هەڵوێستانەی کاربەدەستێکی گۆران دایەوە، ئەمجارە جگری سەرکی پەرلەمانەکەی عەراقی دیدەوە بەڵای خۆپیشاندان لە کێ خیان بکەنەوە بەوەی بەرەو بەغدا ڕەوی وەرگۆڕن.

خۆکی خۆپیشاندەر ئاگەر دوای گۆران بکەون بە بەغدا چیان دەست دەکەوێ؟

دەڵێن یاسایەکی دادپەروەرانە هەیە لە عەراق موچە لە بەرامبەر تەسلیمی داهاتدا دەدات .ئایا کێشەی ئێستا ئەوەیە کە داهاتی سلێمانی هەمووی تەسلیمی پارتی دەکەن بەیە موچە نادرێ؟ ئەی یەکێتی لەو حکومەتە هاوبەشدا داهاتی ئەمبەری دەگۆڕێی بەدەستەوە نیە؟ ئاگەر داهاتی سلێمانی لەژێر دەستی یەکێتیدایە چۆن عەبادی موچە بە پارێزگای سلێمانی دەدا تا داهاتی سلێمانی تەسلیم نەکەن؟

ئایاگۆران دەتوانێ داهاتی سلێمانی لە یەکێتی بسێنێ و تەسلیمی عەبادی بکا؟

نەبونی موچە شکستی حکومەتە هاوبەشەکەی یەکێتی و پارتی و گۆران و ئیسلامیەکانە، نەک حکومەتی عەراق. حکومەتی عەراق ئاگەر لەگەڵ پارێزگاکانیشدا بەجیا مامەڵە بکات ،پارێزگای سلێمانی داهاتەکەی هەر لەژێردەستی یەکێتیدا دەمێنێتەوە و گۆران بەهێوبەری دەبە. ئوکات حکومەتی بەغدا لەگەڵ یەکێتی مامەڵە دەکا و یاسای "داهات بەرامبەر بەموچە" جێبەجێ دەکا. ئایا یەکێتی خۆی ناتوانێ لە داهات موچە بدات وا داوا لە بەغدا دەکا داهاتی بە بگەڕێ بە موچە؟ ئاگەر لەجیاتی پارتی بەغدا سەرپەرشتی سلێمانی بێت دزی یەکێتی کەم دەبێتەوە؟ ئایا یەکێتی دەستبەرداری حکومەتە هاوبەشەکەی دەبە لەگەڵ پارتی بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆران هەڵمەی سلێمانی سەر بە عەراق دروست بکا؟

ئاگەر گۆران کێشەی موچەی خۆکی سلێمانی هەیە، بۆچی لە حکومەتە خۆیەکەی سلێمانی لە داهاتی سلێمانی موچە دابین ناکا؟ بۆچی بەیاری پاشکەوتی موچە هەناوشێنێتەوە لەم پارێزگایەدا؟ ئەنجامی

هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی بە گوێنەدانی سیستەم ئاوێنەیەکی لێڕوون گوشاری وەزیری پەروەردەی پارتیدا نادەزایەتی مامۆستایان بۆفاوزا ناودەبا و نوێنەرانی مانگرتوان لە باجەکانی سلێمانی دەگوزیتەوە و لە سەر دزیەکانی یەکێتی لە سلێمانیدا فڕێ ناکا.
ئاشکرایە گەلان دەیەوێ وەزیفەی بەرپرسیاری ئەم حکومەتە خەجێیەی سلێمانی بەم چوون بەرەو بەغدایە بپارێزێ ، ئەمجارەیان بەناوی دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانەوە لەبەغدا. گەلان دوای شکستی هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتیدا و مردارەوبونی هاوپەیمانێتی لەگەڵ باڵەکی یەکێتیدا ئێستا دەیەوێ لەگەڵ شیاتیش ڕێک بکەوێ تا چیتر سەرۆلێژنە بێتەوە.
خەڵکی ناڕازی و خۆپیشاندانەکانیان شکست دەهێنن ئاگەر دوای ئەم عێراقچێتیە دیماگۆگیەی گەلان بکەون و سەرکەوتن تەنیا لە فشارهێنان بۆ دەسەڵاتدارانی پارێزگای سلێمانی و حکومەتی هەرێمەکەی پارتی و یەکێتی کە لەداهاتی کوردستان موچە دابین بکا و چیتر تانە و دزی لەم مافیای خەڵک نەکرێ بەناوی پاشکەوتی موچەوە. ئەم کارە خەڵک لەیگای دروستکردنی یەکخراوی جەماوەری و دەستبردن بۆ کەنترۆڵی سەرچاوەکانی داهاتی کوردستان دەبێ لایەن ئەم خەڵکە یەکخراوەوە نەک بە هووڕگەلانی ناڕازایەتیکان بەرەو تەسلیم بوون بۆ بەغدا.
ئەم پیلان و هەنگاوەی گەلان بۆ گوێنەدانی قابیلی ناڕازایەتیکانە لەوەی چیتر داوا لە دەسەلاتدارانی یەکێتی و گەلان نەکەن کە موچە بدەن و بۆیاری پاشکەوتی موچە لە سلێمانی هەڵوەشێننەوە ،وە داوای خەڵک بکەن بۆ داوای گەلانەوە بۆ بەغدا و ئاراستەکردنی ناڕازایەتیکان لە موچەوە بۆ پشتیوانی گەلان بەرامبەر بەپارتی تا وەک ١٧ شوبات خەڵک خوێن بدات و ئەوانیش بچنەوە دەستات.

ئاسۆکمال

ئافرەت خۆی خستە گیزاوەی

پیاوسالاری … ئانیا ئەحمەد پور

ئەم ناونیشانەی سەرەوە ناویك نییە لە نرخی ئافرەت کەم بکاتەوە یاخود تاوانبار بینوینی بەلکو راستیەکی شاراوەیە و دەرخەری زەر لەو کیشانەیە کە رەنکە بیاوکرابیتە کوناهبار لەکاتیکدا ئافرەت خەی خەی خستەتە زیر حوکم و کەمەلکەیەکی تونددرەو. مایەی بیرکردنەوەیە کە جەن مرەف بتوانی خەی بخاتە ری وشوینی وا کە بە جەندین سەدە کاریکەری بمینی بەلام ئەستەم نیە وەکو کوتراوە مرەف خاوەن کەسایەتی بی هیچ بونەوەر و هیچ شتیك ناتواتی لە بەهاکانی کەم بکاتەوە ئەی کەواتە جی بوە هەی ئەوەی ئافرەت ببیتە زیردەستە و مامەلەی نەشیاوی لەکەلدا بکری؟ یان جەن بون بە كلابون دەخریتە ئەستەی خەی؟ هەر لەسەرەتاوە بیکەی بەرز و بوونی ئافرەت لە ئەدەبیات و نوسیندا زەرترین بابەت و بیری کەمەلایەتی داکیرکردوە و زەربەی کیشە کەمەلایەتیەکان خراونەتە بال ئەو رەفتارە نەشیاوانە و سەرکەنەکردن بەنامرەفایەتی دز بە کەورەیی ئافرەت لیقەلەم دراوە هونەرمەندان لە ریکەی هونەر و هەنراوە بەجەندین شیواز بەسەریاندا هەلکوتون و وەك فریشتە وەسفیان کردون هەلەیە کەر بوتری وەسفی کەورەیی ئافرەت دورە لە راستی بەلکو ئەمە راستیەکی رونە لەهەمان کاتدا هەلەیە کەر بوتری هەمو ئافرەتیك فریشتەیەکە و دورە لەتاوان لەم باسەدا بەردە هەلدەمالین لەسەر جەند راستیەك کە شاراوە و ونە بە رونکردنەوەی هەی بونی ئافرەت بە کیشەی کەمەلکە

رەفتارەکان مرەفەکان دەنوینن مەبەست لیرەدا ئەوە نیە کە خاوەن کەسایەتی لاوازن و ناتوانن بونیان بسەلمینن بەبیجەوانەوە توانای ئافرەت زەر لەوە زیاترە کە وینا دەکری کەوایە جی وادەکات ئافرەت بە بونەوەریکی لاواز سەیربکری؟ئەمە دەکەرینمەوە سەر بیروراییەکی هەلە لەمەر جوانی و بیاهەلکوتن رەنکە بەشیك لە ئافرەتان لییان وابی کە نواندنی لاوازی یاخود نواندنی میهرەبانیەك کە لەسنور دەربجی و ببیتە هەی سەیرکردنیان وەك بونەوەریکی بیدەسەلات ئەوا جوانی و ئافرەت بونیان دەسەلمینن ئەمەش بەخەی هەکاریکە کە هەستی زالبون لای بیاو دروست بکات هەمان هەکارە کە جیاوازی رەکەزی لەناو خیزانەکان دروست دەکات لەکاتی کرتنە دەسەلات لەلایەن بیاوەوە
ئارەزوی بساوان بە ویستی رەلی باریزکاریکەر و کەورە و سەروەر بەهیزترو زیاترە لەهەر ئارەزویەکی تر بروایان وایە کە زنان بەبی بونی بیاوەکانیان توانای کوزەراندنی زیان و باریزکاری لەخەیان و خیزانەکانیان نیە و رقیان لە زنانی خاوەن هیزە تەنانەت رقیان

لەوەیە کە ئافرەت کاربکات. بەکشتی ئەو ئافرەتانەیان دەوی کە وەك منداڵ هەڵگری بیاوانن.ڕۆڵ کیرانی لاوازی و منداڵیکی هەڵگر لەلایەن ئافرەتەوە ریکایەکی ئاسانە بۆ بەرەبیدانی ئەو زاڵبونەی بیاوهاومیشەکە هەمیشە راستەوانەیە بەهەمان رادەی زیادبونی جوانی و هەڵسوکەوتی ئافرەت وەکو میهرەبانیك ریزەخۆبەسەندی و کاریکەربونی بیاو لەکۆمەڵکە بەرزدەبیتەوە

جکە لەمانە کرتنەوەی ئافرەت لەو ڕاڵە لاوازە و کیرانی ڕاڵیکی بەهیزتر و جەسباندنی کەسایەتیەکی توانادار جەند کاریکەریەکی لەسەر بیاوان لەکۆمەڵکە بەکشتی و بیاوان لەبەرامبەر خیزان بەتایبەتی دروست دەکات یەر لەهەمو شتیك بیویستە ئەوە بزانری لاوازبونی ڕاڵی بیاو وەکو سوکایەتیەك سەیردەکری لەکاتیکدا لایان ئاساییە لەو جۆرە سوکایەتیەی کە خۆیان قبولی ناکەن بەرامبەر ئافرەت بکری
بیاوان دەکری بڵین بکرین بۆ دو کروب. کروبی یەکەم ئەو بیاوانەن کە بیروباوەری مەزهەبی تۆندیان هەیە و خۆیان ئامادەکردوە بۆ روبەروبونەوەی کیشەی کۆمەلایەتی ئەمانە زیاتر لەو بیاوانە وینا دەکری کە لەسەدەکانی رابردو و بەر لە بیری ڕۆشنبیرین لەلایەن ئەم جۆرە ئافرەت وەکو قەوارەیەکی داخراو و زیاتر وەکو خزمەتکاریك مامەلەی لەکەلدا دەکری بروایان بەحوکم کردن لەخیزان و بونی خیزانی کەورە بجوك دەکریتەوە لەجۆری ئەم کروبە لە بیاوان لە ئیستادا ریزەی کەمترە بەلام کۆمەلکە لەم جۆرە بیاوانە بەتال نیە ئەم کربە بروای بەکارکردنی ئافرەت لەدەرەوە نیە زۆرجار باوکانی ئەم بەشە کجەکانیان لەخواروی 18سالیەوە بەشو دەدەن بروایان وایە کە ئازادی دەربرین لای ئافرەت یاخود میهرەبان بون و نەرمی نواندن بەرامبەر ئافرەت جا ج خیزانەکانیان یاخود منداڵەکانیان جۆریك لە سوکایەتیە مامەلەکردن لەکەل ام جۆرە بیاوانە ئەستەمە جونکە بەروەردەکردنیان لەخیزانی

داخراوە کروبی دوەم ئەم بیاوانەن کە بەهیج شتیکەوە بابەند نین تاقەتی روبەروبونەوەی کیشەی کۆمەلایەتیان نیە ئەم جۆرە لەبیاوان لەسەردەم و کات و ساتی ئیستادا بەریزەیەکی زیاتر لەکروبی یەکەم بەرجاو دەکەوی ئەم جۆرە بەرادەیەکی باشتر لەکروبی یەکەم کراوەترن خۆکونجاندنیان لەکەل کۆمەلکا و سەردەمی ئیستا هیستی بیاوسالاری و تۆندرەوی تارادەیەك کەمترە وەك لە بیاوانی کروبی یەکەم ئەمانە بروایان بەکارکردنی ئافرەت لەدەرەوە و ئازادی ئافرەت هەیە بەلام نەك مامەلەکردنیان شیاو بی بەرامبەر ئەو ئازادیانە بەلکو لەهەولی

زەوتکردنیانن لەریکەی جەند دیاردەیەك زەقترینیان
1–دەست بەسەر داکرتنی بلەکان و زیادی ریزەی دامەزراوانی بیاو
2–حوکم کردنی خیزان و توندرەو بون
3–جەسباندنی کەسایەتی
لەکاتی قبولنەکردنی ئافرەت بۆ ئەم زەتکردنە ئازادیانەی لەلایەن ئەم دو کروبەی کە باسکراون ئەوا بیاوان زیاتر دەکەونە زیرکاریکەری هەست کردن بەکەم بون یاخود لاوازبونی دەسەلاتیان لەریکەی ئەم هەست کردنەی ئەوانەوە دەکەینە هەمان دەرئەنجام کەهاوسەنکبونی دەسەلاتی بیاو و ئافرەت لە کۆمەلکەدا بجەسبی
هۆکاری تر کە وادەکات ئافرەت وەکو کالایەك مامەلەی لەکەلدا بکری زیادبونی دیاردەی لەشفرۆشیە یاخود بەیوەندی جنسی ئافرەت لەکاتی ئەو دیاردانە هەمان

رۆلی لاوزبون دەکیری ئەوەی بیاوان هان دەدا بۆکۆنترۆلکردنی کۆمەلکە ئاسانی بەدەست هینانی ئارەزوەکانیانن سەبارەت بە زنان بەزیادبونی کالاکردنی جەستەی ئافرەت بەدەست هینانی ئارەزو لای بیاوان ریکایەکی ئاسان دەبی لیرەشدا هاوکیشەکە راستەوانەیە بەهەمان رادەی کالابونی ئافرەت بیاوسالاری بەرزدەبیتەوە رەنکە بەدامەزراندنی کەسایەتی بتەو لای ئافرەت ببیتە فاکتەریك بۆ هەنکاو بەهەنکاوی لەناوبردنی جیاوازی رەکەزی بەلام بەرادەی زیادبونی هۆکارەکانی ئیم رەکەزبەرستیە کە خودی ئافرەتانن کۆمەلکە بەرەو لیشاویك لەکیزی و ناهاوسەنکی دەجیت و روبەروی کیشەی کۆمەلایەتی زیاتر دەبیتەوە بەسەرنجدانی ریزەی زۆربونی ئەم ناهاوسەنکیە دەکری هۆکارەکەی بکەریتەوە بۆ ئافرەت بە حوکمی ئەوەی ریکای شیاو بۆ خەلسوکەوت و جەسباندنی خود نادۆزیتەوە بەلام کەر بتوانری ئافرەت ئەو هاوکیشانە بیجەوانە بکاتەوە ریکا خۆشکەر گەبی بۆ جەسباندنی دەسەلاتی ئافرەت لەکۆمەلکە و کۆتایی بیهینانی ئەم جیاوازیە رەکەزییە